عەبباس وەلی

# کوردەکان و "ئەوانی"تریان:
## هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە:
نەزەند بەگیخانی
هاشم ئەحمەدزادە

هەواڵنامەی کتێب

- ناوی کتێب: کوردەکان و "ئەوانی"تریان: هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو

- ناوی نووسەر: عەبباس وەلی

- وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە:

نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە

ISBN: 91-973474-5-0

- لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

- ساڵی ٢٠٠١، سوید

# چەند روونکردنەوەی پێویست!

خوێنەرەوەی هێژا! ئەم دەقەی بەردەستت وەرگێڕانێکی دووقۆڵیی وتارێکی بەڕێز عەبباسی وەلی مامۆستای زانستی سیاسەتە لە زانکۆی وەیلزی سوانزی بە نێوی

**The Kurds and Their 'Others': Fragmented Identity and Fragmented Politics**

کە لە ژمارەی ٢ی گۆڤاری

*Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East*

چاپی ئامریکا لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاو بووەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەداخەوە، سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە بە زمانی ئینگلیزی و تەنانەت وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی بە زمانی تورکییش لە گۆڤاری سەربەستی، ژمارەی ٧ی بەهاری ساڵی ٢٠٠٠، هێشتا دەقە کوردییەکەی نەگەیشتووەتە دەست خوێنەرەوانی کورد و ئەمەش بە باوەڕی ئێمە، بەتایبەتی بە لە بەر چاوگرتنی ناوەرۆکی بابەتەکە، کەمایەسییەکی گەورەیە. لە هەل و مەرجێکدا کە کێشەی کورد رۆژ بە رۆژ لە رۆژەڤی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا پتر گفتگۆی لەسەر دەکرێ، بابەتی پشت ئەستور

بە لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک و لەسەر بنەمای تیئۆرییەکانی سەردەم پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە هەنگاومان هەڵیناوە و ئەگەرچی دانی پێدادەهێنین کە دەبا ئەم کارەمان زووتر کردبا، بەڵام پێمانوایە وەدرەنگ کەوتنی باشترە لە قەت نەکردنی و کوردگوتەنی زەرەر لە نیوەش را بگەڕێتەوە هەر قازانجە.

لە مەڕ وەرگێڕانی ئەم وتارە سەرنجی خوێنەرەوانی بەڕێز بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشین:

١) کەسانێک کە شارەزای نووسراوەکانی عەبباسی وەلی هەن، باش دەزانن کە وتارەکانی بەڕێزیان لە هەنگاوی یەکەمدا بابەتی تیئۆری و فکرین و تەنانەت لایەنی ئەزموونیی بابەتەکانیش دەکەونە ژێر قورسایی شێوازی ئابستراکت و تیئۆریک. ئەم ڕاستییە لە وەرگێڕانی ئەم وتارەدا بەردەوام خۆی دەنووێند و نەبوونی بارتەقای کوردیی جێگرتوو بۆ تێرم و چەمکە دەکار هاتووەکانی ناو وتارەکە تووشی گرفتی وشە دۆزینەوەیان دەکردین و هەروەک دەبینن هێندێک جار چارەیەکمان نەبووە جگە لە بەکارهێنانی خودی تێرم یان چەمکە ئینگلیسییەکە.

٢) لەبەر هەر هۆیەک بێ ئەم وتارە لە لایەن دوو نەفەرەوە کراوەتە کوردی، لاپەڕەکانی ٧ تا ٣٠ لە لایەن نەزەند بەگیخانی و لاپەڕەکانی ٣١ تا ٤٩ ش لە لایەن هاشم ئەحمەدزادە وە کراونەتە کوردی. پەراوێزیکانی ١ تا ٥ لە لایەن نەزەند و لە ٦ تا ٢٦ لە لایەن هاشمەوە وەرگێردراون. بەداخەوە بەهۆی مەودای جوغرافیایی ئێمە نەمانتوانی بەیەکەوە دانیشین و تا ئەو جێگایەی

دەکرا و دەبوو، وەرگێڕاوەکانمان یەکدەست کەین. هەر بۆیە دەقە وەرگێڕدراوەکان لەباری زمان و شێوازەوە جیاوازییان هەیە و ئەمەش تاڕادەیەک ئاساییە، واتا هیچ دوو وەرگێڕدراوێک لەیەک دەق تەواو وەک یەک نابن. بەڵام جیاوازیی وەرگێڕانەکانی ئێمە هەر لە شێوازدا نییە، بەڵکو هێندێ جار یەک چەمک بە دوو شێوە کراوەتە کوردی. بۆ نموونە هاشم بۆ (discourse) "گوتاری" داناوە لەکاتێکدا نەزمند بۆ هەمان چەمک "ئاخافتن" ی بەکارهێناوە. لەکاتێکدا (civil society) لە وەرگێڕانەکەی هاشمدا کراوەتە "کۆمەڵگای مەدەنی" نەزمند "کۆمەڵگای شارستانی"ی بۆ داناوە. چەمکی (sovereignty)کە لەئەم وتارەدا بەردەوام دووپات دەبێتەوە لە لایەن نەزمندەوە کراوەتە "سەرداریەتی" و هاشمیش "دەسەڵاتداریی" یان "حاکمییەتی" بۆ داناوە و هتد.

ڕەنگە لە بابەتێکدا کە تەوەرەی سەرەکیی لێدوانەکەی هەویەتی پارچەپارچەبووی کوردە، خودی ئەم وەرگێڕانە شاهیدێکی باش بێ بۆ سەلماندنی لایەنە جیاوازەکانی ئەم هەویەتە پارچەپارچەکراوە. هەڵبەت ئاگاداری لە ئەم ڕاستییە ڕەنگە باشترین ڕێگای دەستەبەرکردنی زاڵبوون بەسەر ئەم پارچەپارچەبووییەدا بێ. ئێمە بەوپەڕی دڵناوەڵەییەوە پێشوازیی لە هەموو تێبینی و بۆچوونێک دەکەین کە لەمەڕ ئەم وەرگێڕانە دەخرێنە روو.

نەزمند بەگیخانی

هاشم ئەحمەدزادە

هەواڵنامەی کتێب

# کوردەکان و "ئەوانی"تریان: هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو

کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتن لە جیهانی ئەمڕۆدا. نزیکەی ٣٠ ملیۆن کورد لە کوردستان لە ژێر قەڵەمڕەویی قانوونیی چوار دەوڵەتی سەرداردا دەژین کە بریتین لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. ئەم دەوڵەتانە بە جۆرەها شێوە حاشا لە هەویەتی نەتەوەیی کوردی دەکەن و داواکارییە سیاسی و کولتورییەکانی بەهێزی چەک دادەمرکێننەوە. دابەشبوونی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم و ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەی کە دواتر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دروست بوو لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی لە لایەن کۆمەڵێ ڕژێمی سیاسی و ئابووریی جیاوازەوە، کوردەکانی لە یەکێتی سیاسی و یەکگرتوویی کولتوری دابڕاند. ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییانەی کە لە ساڵی ١٩١٨ ـەوە لە کوردستانی دابەشکراودا سەریانهەڵداوە فۆرمی جیاجیایان هەبووە و بۆ ئامانجی جیاجیا خەباتیان کردووە. بەڵام بەرگریکردن لە هەویەتی کوردی و وەستان دژی هەویەتە نەتەوەییە سەپێنراوەکان هەمیشە ئامانجی

هەواڵنامەی کتێب

سەرەکیی بزووتنەوە کوردییەکان بووە. ئەم دیالێکتیکەی مقاوەمەت و حاشاکردن فۆرمی سیاسی و خاسیەتی ناسیۆنالیزمیی کوردی دیاریدەکات. (١)

ناسیۆنالیزمی کوردی بریتیە لە سیاسەتی سەلماندنی هەویەتی نەتەوەیی کوردی، هەویەتی نەتەوەیی کوردی بەرهەمی مۆدێرنیتییە و سەرەڕای ئەو فۆرمە تایبەتیەی کە هەیەتی، بە شێوەیەکی تەسک و تایبەت بە دەزگای نەتەوە ـ دەوڵەتی مۆدێرنەوە بەستراوەتەوە.(٢) ڕەگی هەویەتی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسە و پراکتیکی سیاسی و کولتوریی دامەزراندنی نەتەوە ـ دەوڵەتی مۆدێرن و هەویەتی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگە هەمەڕەگەز و هەمەکولتورییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا کە لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا دروست بوون. حاشاکردن لە ئێتنیسیتی کوردی و هەویەتە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان مەرجی پێویستی ئەم پرۆسەیە بوو لەو کۆمەڵگانەدا. بەڵام دەوڵەتە نەتەوەییە تازە لەدایکبووەکان لەم وڵاتانەدا و ئاخاوتنە (discourse) ناسیۆنالییە ڕەسمییەکانیان کە لە پێناوی بەشەرعیکردنی حوکمی ستەمکارانە و کولتوری سیاسیی داسەپێنراو دارێژراون، لە رووی فۆرم و خاسیەتەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی جیاوازن. دینامیکیەتە بنەڕەتیەکانیان جۆرەها ڕێبازی پێشکەوتن و نوێخوازییان نەخشاندووە لەگەڵ کۆمەڵێ کاریگەریی لەسەر پرۆسە کولتوری و سیاسیە گشتییەکانی حاشاکردن و وەدەرەوەنانی هەویەتی کوردی لە سنوری قەڵەمڕەویی دەوڵەتی خۆیاندا.(٣) هەویەتی نەتەوەیی کوردی مارکی ئەو هەمەجۆرییە سیاسی و کولتورییەی "ئەوی تر" ی هەڵگرتووە؛ ئەو هەویەتە هەر لە سەرەتاوە بە

قووڵی پارچەپارچە بووە.

ئەو هەمەجۆریەی "ئەوی تر" تەنها پارچەپارچە بوونی هەویەتی نەتەوەیی کوردی دیاری ناکات، بەڵکو خاسیەتێکی تایبەتیی بەدەر لە سنوری نەتەوەیی (transnational) پێدەبەخشێ. دیالێکتیکی حاشاکردن و مقاوەمەت خاسیەتێکی تایبەتیی نێونەتەوەیی بە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبەخشێ کە ئەگەر باری ناوچەیی لەبار بێت، لەوانەیە سنوری پارچەبوونە کولتوری و سیاسییەکەی هەویەتی کوردی ببڕێت. بەڵام ئەمە هەرگیز لە ئیحتیمالێکی تیۆری زیاتر نەبووە. چونکە دیسان خاسیەتی نێونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی مەرجی بنەڕەتیی خۆی هەیە کە پەیوەستە بە مەرجە ناوەکییەکان و پێشکەوتنە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگا کوردییەکانەوە. ئەم مەرجانە و لە هەمووشیان زیاتر دواکەوتوویی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و لاوازیی بۆرژوازییەت لە شارەکاندا لەتەک دەسەڵاتی بەهێزی فیۆدالی و عەشایری لە ناوچەکانی دەرەوەی شاردا، بە توندی خاسیەتی نێونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی دابەزاندووە و بەشێوەیەکی کاریگەریش مەیلی بەمەرکەزییەتبوونی لاوازکردووە. ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو هەویەتە نەتەوەییەکە بەقووڵی پارچەپارچە بووە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەرئەوەی لە یەکگرتوویی بنەڕەتی و کولتوری و سیاسی دابڕاوە، دابەزیوە بۆ ئاستی بزووتنەوەی ناوخۆ و ئۆتۆنۆمیخواز و باربووکراو بە بەرژەوەندی کاتی و بەرژەوەندییە کلیەنتالیستیەکان (clientalist).

شکستی بەردەوامی ناسیۆنالیزمی کوردی لە بڕینی سنورە بنەڕەتیەکانی

ئەم پارچەپارچە بوونە سیاسی و کولتورییەدا، هەروەها مەسخبوونی تەواوی بەرەو بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخواز و ناوچەیی لەبارچوو، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازییە هەمیشەییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (civil society) لە کوردستاندا. ئەم لاوازییە کە بە سیاسەتی توندوتیژیی "ئەوی تر"گەشەی کردووە هۆی یەکەمی ئەو مەسخبوونە ناپەسندەیە لە سیاسەتی کوردیدا. ئەم لاوازییە زیاتر لە هەر فاکتەرێکی تر ئەو چاڵە دەستنیشان دەکات کە ناسیۆنالیزم لە ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی و کۆمەڵخوازیی ئێتنیکی جیادەکاتەوە. هەروەها وەبیرهێنەرەوەیەکی بەهێزی وانە تاڵەکانی سیاسەتی نوێی ئەورووپاییە لەمەڕ پەیوەندیی پتەو لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و ناسیۆنالیزمدا: کۆمەڵگایەکی مەدەنی چالاک و گەشەسەندوو "مەرجی بوونی" چەمکی سەروەرییە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، هەروەها دابینکەری بواری خۆدەربڕینیەتی لە پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیدا لە بەرامبەر ڕێبازە سێنترالیستەکانی دەوڵەتی مۆدێرندا.(٤) لەوانەیە لۆژیکی واقیعی ئەم وانە ڕەسەنەی ئەورووپای رۆژئاوا لەمەڕ ناسیۆنالیزم، لەسەر کوردستانی دابەشبوو بە شێوەیەکی روونتر پەیڕەو بکرێ وەک لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهانیی ئەمڕۆدا، ئەمە بێجگە لە وڵاتە سەربە گیروگرفتەکانی بەلقانی پاش کۆمیونیزم کە کۆمەڵگای شارستانی تیایاندا بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لەوە بەهێزتر بووە. ئێستا، زیاتر لەهەر کاتێکی پێشوو لە مێژوودا، ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی بەوە هەیە لە زەمینەیەکی چالاک و پڕ گەشەی کۆمەڵگەی شارستانیدا ڕەگ داکوتێ نەک تەنها بۆ ئەوەی بەسەر مەیلی ڕەوینەوە لە مەرکەزیەت (centrifugal) و سیاسەتی بە قوولی پارچەبوودا زاڵ بێت، بەڵکو و بە واتایەکی گرنگتر، بۆ ئەوەی کولتورێکی سیاسی نەتەوەیی دابهێنێ کە

بەهۆیەوە بتوانێ بەرەورووی هێزی داپڵۆسێنەری چوار ناسیۆلیزمە ڕەسمیە دوژمنکار و توندوتیژەکان ببێتەوە.

ئەو بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیانەی ئەمڕۆ شانۆی سیاسی کوردیان داگیرکردووە نە دەیانەوێ و نە دەشتوانن کولتورێکی لەمجۆرە دروست بکەن، بە پێچەوانەوە، ئەوان لەسەر لاوازییە هەمیشەییەکەی کۆمەڵگای شارستانی لە کوردستاندا دەژین. ئەم بزووتنەوانە کە لە جەوهەردا خاسیەتی کەم بایەخیان هەیە، تەنها سروشتی پارچەبووی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دەسەلمێنن و ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن. لە ڕاستیدا، کاتێ لەدژی "خودی" پارچەبووی خۆیان لە سیاسەتی سنوربڕی(border-cross) دەوڵەتە دراوسێ و سەردارەکاندا بەکاردەهێنرێن و دەهێڵرێنەوە و دەپارێزرێن، هەروەکو باوە لە ناوچەکەدا، بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیەکان ئەو سنورە کولتوری و سیاسییانە ڕەش دەکەنەوە کە ناسنامەی ئێتنیکی و نەتەوەیی لەیەکتری جیا دەکەنەوە. ئەم بزووتنەوانە هەویەتێکی موبهەمی (ambiguous)بەرچاویان هەیە کە لە نێوان ناسیۆنالیزم و مەیلی ئێتنیکیدا دێت و دەچێت و هەمیشەش فۆرم و ڕەوتیان دەگۆڕن بە تێرکردنی بەرژەوەندیە تەسکەکان و وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە "کاتیەکان". ئەم خاسیەتە موبهەمە ناخاوتن و پراکتیکی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکان دیاریدەکات کە لە سیاسەتی ناهەموار و تراژیدیای مێژووییدا بینراوە. پەیوەندیی موبهەمی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکان بە "ئەوانی تر" یانەوە لە لایەک و کێشە بەرژەوەندینامێزەکانیان لەگەڵ و لە دژی کورد و بزووتنەوە کوردییەکانی ئەودیوی سنوری نەتەوەیی لە لایەکی تر، پارچەبوون و هەمەجۆریی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بەرەو خراپتر

دەبەن. ئەو بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیانە کە بە حەزی تەسک و کلیەنتالیستانە (بەکرێگیراویەتی و بەرژەوەندیخواز: clientalist) بەڕێوە دەچن، زۆربەی جار ئیمازی ناشیرینی هەویەتی کوردی هەڵگەڕاوە دژی خۆی دەوروژێنن و پارچە پڕ ئێشەکانی خودی پارچەبووی خۆیان ئازار دەدەن.

پارێزگاری (حیمایەت: patronage) بێگانە و کلیەنتالیزمی ناوەکی کە دوو توخمی سەرەکیی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیەکانن، هەردووکیان دژی هەویەتی نەتەوەیی کوردین. ئەم بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیانە لەسەر بەرژەوەندی و ناسنامە ئێتنیکییەکانی کوردستان دەژین و گەشەشیان پێدەدەن. بەمجۆرە ئەمانە بەردەوامی دەدەن بە دواکەوتوویی کولتوری و لاوازیی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی کوردی. سەرهەڵدان و دامرکاندنەوەی ناوبەناوی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیەکان لەبەشەکانی کوردستاندا ئەو راستیە سیاسیە دەسەلمێنن. بەڵام لە دەرەوەی کاریگەریی دواکەوتووانەی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیەکان لەسەر پێشکەوتنی بنچینەیی و پێکهاتەی کولتوریی ناسیۆنالیزمی کوردی، مانەوەی ئەم بزووتنەوانە وەکو مۆدێلێکی زاڵی گوزارەکردن لە هەویەتی کوردی واتای ئەنجامێکی تاڵ دەگەیەنێ؛ واپێدەچێ مۆدێرنیتی بەسەر سیاسەتی کوردیدا هەر بە گشتی تێپەڕیبێ.

ئەم ئەنجامە لە لۆژیکی ناوەکی ئەو سیاسەتە مەیوەوە دێت کە بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیەکان لە کوردستانی ئەمڕۆدا پیادەی دەکەن. ئەم بزووتنەوانە بە شێوەیەکی سەرەکی "کاردانەوەن" (reactive) نەک "کاریگەر و بەرکار" (proactive). وەکو هەر سیاسەتێکی کاردەرەوە دینامیکیەتەکانیان

دەرەکین؛ ئەم بزووتنەوانە کەوتوونەتە دەرەوەی سنورە ژیۆپۆلیتیکیەکان و ناو دەسەڵات و توانای حکومەتە مەرکەزییەکان لە دامەزراندن و پیادەکردنی سیاسەتی سینترالیزمی خاکنامیز territorial centralism) لە کوردستان. بەمجۆرە سەرهەڵدان و دامرکانەوەی هەمیشە پێچەوانەی هاوکێشەی دەسەڵات و توانای حکومەتە مەرکەزییەکانە. لۆژیکی ناوەکی دینامیکیەتی تایبەتیی سیاسەتە ئۆتۆنۆمیخوازەکان نوێ نین لە مێژووی کورددا؛ بەڵکو رابردوویەکی پێش مۆدێرنی دوور و درێژ و پتەویان هەیە.

سیاسەتە ئۆتۆنۆمیخوازەکان چەشنی سروشتی "کاردانەوەیی" دینامیکیەتی "دەرەکی" سیاسەتی سینتەر و پەراوێزن کە پەیوەندیی نێوان میرنشینە کوردییەکان و ئاغاکانیان، واتە فارس و عوسمانیەکانی دیاری دەکرد. بۆیە لەم بۆچوونەوە، خاسیەتی بنەڕەتی و سیفاتە سەرەکییەکانی سیاسەتە کوردییەکان لە ماوەی نزیکەی دوو سەدەدا بە ئەستەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەو دووپاتبوونەوە بەدسروشتیەی مێژوو سەرەڕای مۆدێرنیتی نیە، بەڵکو لە دژی مۆدێرنیتیە، ئەمەش مانای مەیینی مێژوویی سیاسەتی کوردی دەگەیەنێ.(٥)

بەمجۆرە، گەڕاندنەوەی تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە تەنها بۆ بارودۆخی ناوەکی کۆمەڵگە کوردییەکان هەڵسەنگاندنێکی تیۆری ناباجێ و سەرشێتییەکی سیاسی دەگەیەنێ. راستە دەسەڵاتی بەردەوامی هێز و پەیوەندییە کولتوری و سیاسیە دژ بە مۆدێرن و بەر لە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگەی کوردی رۆڵیان هەیە لە خاسیەتی پارچەپارچە

هەواڵنامەی کتێب

بووی هەویەتی نەتەوەیی کوردیدا، بەڵام ئەمە تەنها لەیەک رووەوە. چاوخشانێکی خێرا بە دەقە تیۆریە تازەکانی تایبەت بە سیاسەتی هەویەت ئەوەمان وەبیردەهێنێتەوە کە هەویەت، چا نەتەوەیی بێ یا هی تر، هەمیشە پێویستی بە جیاوازی هەیە و بە بێ جیاوازی دروست نابێ. هەویەت بریتییە لە پەیوەندی خود لەگەڵ ئەویتر لە حاڵەتی جیاوازیدا؛ هەویەت هەمیشە شوێنپێی ئەویتر هەڵدەگرێ و هەمیشەش لە لایەن ئەویترەوە لێیدەدرێ. هەویەت هەرگیز چەسپاو و بێجووڵە نییە و بە گوێرەی وەڵامدانەوەی بۆ ئەو جیاوازییانەی کە هەویەتی ئەوی تر (٦) دیاریدەکەن دەگۆڕێت. ئەم پێناسە سەرەتاییە خاڵێکی تیۆری سادە دەگرێتە خۆی: هەویەتەکان دەوەستنە سەر پەیوەندی "جیاوازیی" یەک لەگەڵ ئەوی تر و هەروەها بەگوێرەی گۆڕان لە سیستەمی ئەو جیاوازییانەی کە ئەو پەیوەندییە دیاریدەکەن دەگۆڕێن. هەویەتەکان هەمیشە تێکدەکەنەوە.

پیادەکردنی ئەم خاڵە تیۆریە لە قسەکانماندا روونە: بەشێک لە تایبەتمەندییە سیاسییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیش بەهۆی پەیوەندیی هەویەتی کوردی بە ئەوی ترەوە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، دروست دەبێت. ئەم پەیوەندییە کە پێشتر لە خودی دیالێکتیکی ئینکارکردن و مقاوەمەتدا هەبووە، پەیوەندیی توندوتیژییە کە لەسەر بنەمای سیاسەتی وەدەرەوەنان و سڕینەوەی جیاوازی هەڵچنراوە. سڕینەوەی بەردەوامی هەویەتی کوردی مەرجی "ئەوی تر بوونی" کوردەکانە لەم کۆمەڵگایانەدا، واتە بوونیان بە بێگانە لەسەر خاکی خۆیاندا. سەرکوتکردنی کوردەکان مەسەلەی سەرەکیی گرفتەکانیانە لەگەڵ هەویەتی خۆیان. ئەم دیالێکتیکەی

توندوتیژی نەک تەنها سروشتی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دیاریدەکات، بەڵکو خاسیەتەکانی پەیوەندییەکەش لەگەڵ ئەویتر دادەڕێژێ. ئەم توندوتیژییە سیفاتێکی تایبەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبەخشێ کە جیای دەکاتەوە لە ناسیۆنالیزمی کلاسیکی ئەورووپای رۆژئاوا. چونکە کاتێ ناسیۆنالیزمی کلاسیکی لە ئەورووپا بە مۆدێرنیتێ سەریهەڵدا و بە لەدایکبوونی کۆمەڵگای شارستانی و ستاتوی دیموکراتی هاووڵاتیەت بەرەوپێش چوو، بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمی کوردی کە بە ئینکارکردنی هەویەتی کوردی تەنگی پێهەڵچنراوە، کۆمەڵگای شارستانی و ستاتوی دیموکراتی هاووڵاتیبوون لە کوردستان دادەمرکێنیتەوە. ئەمە سیاسەتێکی نوێیە کە بە دامرکاندنەوەی مەرجەکانی مۆدێرنیتی لە کوردستاندا گەشە دەکات: خاسیەتێکی پێچەوانەیی سیاسەتی بەزۆر تواندنەوە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە لایەن ئەوانی ترەوە پیادە دەکرێ.

ئەم پارەدۆکسە زیاتر لەهەر شتێکی تر کار دەکاتە سەر پەیوەندیی ئاڵۆزی ناسیۆنالیزمی کوردی بە مۆدێرنیتیەوە؛ ئاڵۆزییەک کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بە رەگی لاوازیی سیاسییەکەوە گرێدراوە. راستە مەرجە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی رێگایان بەم سیاسەتە نەداوە تا بتوانێ دەستکەوتە سیاسی و کولتوورییەکانی مۆدێرنیتی رەچاوبکات. ئەمە بۆ سەردەمی سەرەتای دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی راستە و ئێستاش دەگرێتەوە. سەرگەرمی ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ مۆدێرنیتی و لەبەرچاوگرتنی بە دەگمەن لە سنووری باوەڕی پۆزیتیڤیستەکان بە زانستی نوێ و تەکنەلۆژیا تێپەڕی کردووە. ئەو باوەڕە پۆزیتیڤیستە بە زانینی زانستی ـ تەکنیکی نوێ کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پێشنیارە

نوێخوازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنێ، چاو لە کردە هەرە رادیکاڵەکانی "عەقل" لە مۆدێرنیتێدا دەپۆشێ؛ واتە رەخنە لە ترادیسیۆن و بەتایبەتیش لە دەسەڵاتی باوی سیاسی و ئاینی. بۆیە، هەڵوێستی باوی ناکۆک و نادڵنیا (ambivalence) ی چینی رۆشنبیری ناسیۆنالیست کە ئەگەرچی تا ئێستاش بە زۆری بریتی بووە لە بێدەنگی، لە بەرامبەر ترادیسیۆن و دەسەڵاتی کۆنەخواز، ئەگەر کرابێ ئەوە لە زمانی نابووتی پاکانە بۆخۆکردنیدا دەربڕاوە لەرووی بەزینە سیاسیە-سەربازییەکاندا کەلەسەر دەستی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکان بەردەوام دووپات بۆتەوە. ئەم هەڵوێستە ناکۆکە ئەنجامی لۆژیکیی پەیوەندیی موبهەمی نێوان چینی رۆشنبیری ناسیۆنالیست بووە بە مۆدێرنیتیەوە. چینی رۆشنبیری ناسیۆنالیست و مۆدێرنیتی پێشفەرزی یەکتری دەکەن و یەک بە دوای یەک بەناخی ئاخاوتنی ناسیۆنالیستیدا دەچن و یەککگرتوویی ناوەکی ئاخاوتنەکە دوا دەخەن.

ئەگەرچی ئێزدیواجیەتی چینی رۆشنبیری ناسیۆنالیست بەرامبەر بە دەسەڵاتی ترادیسۆن بەشێوەیەکی کاریگەر "عەقلی سیاسی" بێهێز دەکات، بەڵام بێشک ئەمە تاکە هۆی لاوازیی بەردەوامی مۆدێرنیتی نیە لە کولتور و سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردیدا. بینیمان کە ئەم حاڵەتە هۆیەکی دیکە و گرنگتری هەیە، توندوتیژیی "ئەوی تر" سڕینەوەی جیاوازی و کۆمەڵگای شارستانی لە کوردستان کە بڕەو بە پارچەپارچەبوونی هەویەتی نەتەوەیی کوردی و سیاسەتی ناسیۆنالی دەدات بەشێوەیەکی کاریگەرانە مەرجە سیاسی و کولتورییەکانی مۆدێرنیتی دوا دەخەن، بۆیە مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە دیارە:

مۆدێرنیتی ناسیۆنالیزمی کوردی پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو دروستی کردووە بە بێ ئەوەی بتوانێ لە ئاخاوتن و پراکتیکدا بیسەلمێنێ. ئەنجامی دژواری ئەو پرۆسە مێژووییە تا ئێستاش لەگەڵماندایە؛ ئێمە ناسیۆنالیستی کوردمان هەیە بەبێ هەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەمە ناتەواوییەکی مێژووییە و کەچی راستە.

هەرچۆنێک بێ، ئێمە نامانەوێ لێرە باس لەم ناتەواوییە مێژووییە بکەین، بەڵکو دەمانەوێ لەو پرۆسە کولتوری و سیاسیە تایبەتە بدوێین کە دروستی دەکات. واتە پرۆسەی دامەزراندنی نەتەوە ـ دەوڵەتی تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا کە یەکسەر دوای دووەم دابەشکردنی کوردستان دەستی پێکرد. ئەم پرۆسەیە لە هەر یەکێ لەو دەوڵەتانە فۆرمێکی جیای گرتۆتە خۆی، بەڵام ئامانجە ستراتیژییەکان لەهەموو دەوڵەتەکان وەکو یەک بوون: واتە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێک کە هەویەتیان بە هەویەتی گشتیی دانیشتوانەکانیانەوە گرێدراوە. ئەمەش گرنگییەکی سەرەکی هەیە لە بەیاساییکردن و شەرعیکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا. لە رووی تیۆریەوە، دەسەڵاتی سیاسی ئەم دەوڵەتە نوێیانە دەستوری و دیموکراتی بوون؛ ئەو دەسەڵاتە لە ئارەزووی گشتیی خەڵکەوە هەڵقوڵا بوو نەک لە حەزی ستەمکارێکی دەسەڵاتدارەوە. لە رووی دەستوریەوە، باوەڕی دیموکراتی "دەسەڵاتی گەل" زەمینەی قانوونی دابین کردبوو بۆ دروستبوونی ئەو ناسنامە مۆدێرنە، بەڵام بەرەنجامی پرۆسەی کولتوری و سیاسییان زۆر جیاواز بوو.

هەویەتی دەوڵەتە نوێیەکان و یەکێتییە درۆیەکەیان لەگەڵ نەتەوەکانیان

بەهێزی سەربازی و ئایدیۆلۆژییە رەسمییە – نەتەوەییەکانیان تەزویر کراوە. پرۆسەی سینترالیزمی خاکئامێز کە دوابەدوای دامەزرانی ئەم دەوڵەتانە هاتە کایەوە، ئەوەی دابین کرد کە حەزی بەرجەستەکراوی گەل لەناو دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکردندا لە سەرانسەری خاکی دیاریکراویاندا بە یەک شێواز و بە بێ هەڵگەڕانەوە و ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ پیادە کراوە. بەڵام دەوڵەتە نوێیەکان هەر زوو درکیان بەوە کرد کە بەجێهێنانی داواکارییە مۆدێرنەکانیان لەمەڕ دەسەڵات و قانووندا پێویستی بە زیاتر لە کۆنترۆڵێکی کاریگەرانە هەیە بەسەر خاکی دانپیاهێنراوی "نەتەوەییاندا". مۆدێرنیتی شوێنی ترادیسیۆنالی بە هێزی سیاسی لەق کرد.(٨) بەمجۆرە، پیادەکردنی کۆنترۆلی کاریگەرانە بەسەر خاکدا زیاتر بەسترایەوە بە سەپاندنی کۆنترۆلی کاریگەرانە بەسەر دانیشتوانیاندا، واتە بەندە – هاووڵاتیەکانی دەوڵەتە نوێیەکە. لە راستیدا، گەل بوو بە ئامانجی ستراتیژی هێزی سیاسی کە لەوە دەگەڕا بیسەلمێنێ کە دەوڵەت و نەتەوە نەک تەنها سنوورێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵکو لەیەکتریش جیاناکرێنەوە. ئەم یەکێتییە ئۆرگانییە هەڵبەستراوەی نێوان نەتەوە و دەوڵەت یەکسەر لە لایەن ناسیۆنالیزمی رەسمییەوە دووبارە کرایەوە و بوو بە پێکهاتوویەکی ئایدیۆلۆژیی پرۆسەکانی دامەزراندنی نەتەوە ـ دەوڵەت لەو دەوڵەتانەدا. ئاخاوتنی رەسمی خۆی بەوە بەستەوە کە نەتەوە و دەوڵەت یەکن و یەک هەویەتیان هەبووە؛ نەتەوە و دەوڵەت هەردووکیان سەردارن و لەیەکتری جیاناکرێنەوە. حەزی دەوڵەت و توانای لەفەرمانڕەواییدا واتای حەز و دەسەڵاتی نەتەوە و مەرجی سەربەخۆییبوونی دەگەیەنێ.

پرۆسەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لەم وڵاتانەدا، هاوتای ئەو دەستکەوتانەی کە مەبەست بوون و ئەوانەیش کە مەبەست نەبوون، مۆدێرن بوون. ئەمە هەویەتێکی دیموکراتیی دەوڵەت و نەتەوەیە، واتە فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەردراو، کە ئامانجە ستراتیژییەکانی هێزی سیاسی دەگۆڕێ. دەوڵەتە نوێیەکە بە دامرکاندنەوە و هێرشبردنە سەر "جیاوازی"، واتە جیاوازیی کولتوری و ئێتنیکی، هەویەتی هاووڵاتیەکانی دیاریدەکات. بەمجۆرە هاووڵاتیەکانی دێنێتە ئاستی هەویەتی سەردار، واتە هەویەتی نەتەوەیی. هەویەتی نەتەوەیی مۆدێرن زۆربەی کات نەک هەمیشە، بریتیە لە هەویەتی ئێتنیکی زۆربە کە بە سیاسەت گەورە کراوە. لەم واتایەوە، نەتەوە - دەوڵەت و بێدەوڵەتیبوون هەردووکیان بەرهەمی مۆدێرنیتێن و دوو دژبەیەکی دیالێکتیکی هەمان پرۆسەی مێژووین.

هەرچەندە دەزگای نەتەوە - دەوڵەت و پرۆسە و پراکتیکە سیاسی و کولتورییەکانی بانگاشەی ئەوەیان بۆ کراوە کە کارگەرترین دەستکەوتی مۆدێرنیتی بن، بێدەوڵەتیبوون و ئەنجامەکانی بە دەگمەن هەمان پایەی گرنگیان پێدراوە لە ئاخاوتنی فەلسەفی و سیاسیی مۆدێرندا. کەسی بێدەوڵەت وەکو پاشماوەی رابردوویەک بینراوە کە لەدژی مۆدێرنیتی بجەنگێ یان وەکو رێکەوتێکی مۆدێرنیتی کە لەدژی مێژوو بجەنگێ؛ لە هەردوو حاڵەتدا ئەنجامەکە یەک شتە: ناکرێ کەسی بێدەوڵەت و داواکارییەکانی لە یان بە ئاخاوتنی سیاسی و فەلسەفی مۆدێرنیتی گوزارەیان لێبکرێ، بەلایەنی کەمەوە لەسەر ئاستی سیاسەت.(٩) لە ئاخاوتنی سیاسیی مۆدێرنیتیدا بێدەوڵەتیبوون وەکو مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی دەبینرێ کە شایانی بەزەیی و دڵۆڤانیە، هەروەکو لە حاڵەتی

برسیەتی و نەداری و بێماڵیدا. ئەمە لەبەرئەوەی کە لەبەرچاوگرتنی بێدەوڵەتی وەکو سیاسەت و کەسی بێدەوڵەت وەکو "سوبژەی سیاسی" (political subjet) یەکسەر مەسەلە دڕکاویەکەی ماف دەوروژێنێ کە لە ئاخاوتنی سیاسیی مۆدێرنیتیدا بەشێوەیەکی بنچینەیی بە دەزگای نەتەوە - دەوڵەت و سەرداریەتی نەتەوەییەوە گرێدراوە. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە کەسی بێدەوڵەت خاوەنی هەویەتی سیاسی مۆدێرن نیە. هەویەت و داواکارییەکانی کەسی بێدەوڵەت لە لایەن نەتەوە - دەوڵەتی مۆدێرنەوە ئینکار کراون، ئەمەش کەسی بێدەوڵەت دەکات بە "ئەوی تر"ی مێژوویی مۆدێرنیتی. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەردی کوردەکان و هەویەتە پارچەپارچەبووەکەیان.

ئەو دەوڵەتە سەردارانەی کە هەویەتی کوردییان سڕیوەتەوە، بەشەرعیکردنی دیموکراتی - گەلیان ڕاگەیاند، ڕاگەیاندنەکانیان وەکو هەموو ڕاگەیاندنە گەردوونیەکانی مۆدێرنیتی، لە سەردەمی ڕۆشنایی (Enlightenment) و بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی ڕەگیان داکوتابوو. بەڵام، کاتێ پرۆسە توندوتیژەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لەم و ئاتانە دەستی پێکرد، کولتوری لیبرالی و پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنان بە تەواوی سەرەتایی بوون. ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە دەبوایە هەویەتی یەکچەشنەی نەتەوە و دەوڵەت کە لەناو دەستورەکانیاندا سەلمێنراوە و تەئکیدی لەسەر کراوە، بەهێزی چەک بسەپێنرێ. بەمجۆرە لە پراکتیکدا پرۆسەکە هەڵگێردراوەتەوە. دەوڵەتە تازە دروستبووەکان هەویەتی نەتەوەکانیان - هەردوو ڕووی تخومی دەرەکی و کرۆکی ناوەوەی هەویەتە نەتەوەییەکەیان - لە پرۆسە

ناهاوتاکانی مێژووییدا دیاری کرد، لەو پرۆسانەی کەپەیوەندییە کولتورییەکان بەشێوەیەکی نزیکەی نەگۆڕ دوای پەیوەندییە سیاسییەکان دەکەون. ئەمە لاوازیی ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی رەسمی لە تورکیا و ئێران و (دواتریش) عێراق روون دەکاتەوە، کە دەبوایە لە پرۆسەکانی دامەزراندنی سەرداریەتی یەکشێوەی نەتەوەکان و هەویەتی نەتەوەییان بە بەکارهێنانی چڕی توندوتیژیی سیاسی پشتیوانی لێبکرێ.

هەرچۆنێک بێ، ئەو هەڵگێرانەوەیەی پرۆسەکە بە هیچ شێوەیەک تاکە خاسیەتی ناسیۆنالیزم نەبووە لەم کۆمەڵگایانەدا. بە پێچەوانەوە، رۆڵی کاریگەری دەوڵەتی مۆدێرن لە دروستکردنی نەتەوە و هەویەتی نەتەوەییدا کە بە زۆری لە ئەدەبیاتی نوێدا هەستی پێکراوە، تەمغەی ناسیۆنالیزمە لە سەرانسەری جیهاندا. نەتەوە "فۆرمی سیاسی "ی مۆدێرنیتیە، بەڵام نزیکەی لە هەموو شوێنێکی جیهانی مۆدێرندا لە لایەن ئەو دەوڵەتەی کە مێژوو و هەویەتی پێبەخشیوە لە قاوغ نراوە.(١٠) ئەم راستیە گەردوونیەی ناسیۆنالیزم واتای ئەوەش دەگەیەنێ کە فۆرمی سیاسیی مۆدێرنیتی گەردوونیە، بەڵام تەنها لە تایبەتمەندییەکانیدا؛ واتە ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەی کە نەتەوەی مۆدێرن دروست دەکەن و هەویەتیان دیاری دەکەن، لە فۆرم و خاسیەتدادەگۆڕێن. ئەم گۆڕانانەش (یان جیاوازییانە؛ وەرگێر) بە درێژایی مێژوو دروست بوون بەهۆی هاتنەگۆی هێز و پەیوەندییە پێش - مۆدێرنەکانەوە لە پرۆسە و پراکتیکی کولتوری و سیاسیی مۆدێرندا. بەکارهێنانی ستراتیژییانەی رابردوو لە پرۆسە و پراکتیکی سیاسی و کولتوریی دامەزراندنی نەتەوە و هەویەتی نەتەوەیی بنچینەییە، بەڵام ئەمە قەت بە بێ نرخ نیە. نرخەکەش بە تایبەتی بەرزە

کاتێ ناسیۆنالیزم دەکەوێتە داوی رابردوو و رابردوو بەکاردەهێنێ بۆ داهێنانی داهاتوویەکی مۆدێرن، چونکە خۆخستنە ناو داوی رابردوو پەیوەندی نێوان نەتەوە و مۆدێرنیتی بێهێز دەکات. ئێتنیسیتی شوێنی عەقلی سیاسی دەگرێتەوە وەکو پرنسیپێکی سەرەکی، ئەگەر نەڵێین تاکە پرنسیپێ کە سنورەکانی فەزایەکی نەتەوەیی بەکانگیر دیاریدەکات و کاروباری حکومەتی تیابەڕێوە دەچێت. ئەم شوێن پێچۆڵکردنەی عەقلی سیاسی لە لایەن ئێتنیسیتیەوە زڕانی مۆدێرنیتی دەگەیەنێ کە لەرووی پاشخانێکی دائیمی دواکەوتنی ئابووری، دڕندە دەنێتەوە.

ئەو نەتەوە سەردارانەی کە بەم شێوەیە لە لایەن دەوڵەتە مۆدێرنەکانی تورکیا، ئێران (دواتر) عێراق و سوریاوە دروستبوون، فۆرمی سیاسیی ئەم مۆدێرنیتیە زڕاوەن. پەیوەندییان لەگەڵ مۆدێرنیتی پچڕێندراوە بەهۆی ئەو دەوڵەتە ئۆتۆریتاریانەی کە عەقلیان بەرجەستە کردووە. بەڵام عەقلێک کە لە لایەن ئێتنیسیتیەکی سەردارەوە بەڕێوە بچێ زۆر بە زەحمەت دەتوانێ مەرجە پێویستەکانی عەقلانیەت لەناو کۆمەڵگا هەمەرەگەز و هەمەکولتورییەکاندا دابهێنێ. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە هەنگاوی توندوتیژیی ئەو دەوڵەتانە بەرەو عیلمانیەت، کوردی بەرەو ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری برد کە هەر زوو دژی ستراتیژیەتە ئۆتۆریتاریەکانی مۆدێرنیزەکردن وەستایەوە. زڕاندنی مۆدێرنیتی زۆر بە خراپی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی-کولتورییەی دواخست کە نێوانیی مۆدێرنیزەکردن و بەعیلمانیەتبوون دەکات لە کۆمەڵگا. ئەم کپ بوونەی ستراتیژیەتی مۆدێرنیزەکردن و بەعیلمانیەتبوون لە مەیدانی سیاسیی "نەتەوەیی" نوێدا "عەقلی رەسمی" بەرەو شەڕ برد لە دژی ئایین و ترادیسیۆن. "عەقلی

رەسمی" کە لەناو دەوڵەتە نوێیەکاندا بەرجەستەتە کراوە کۆڵەگەی حوکمە ئۆتۆریتارییەکەیان بوو. ئەم عەقڵە خرابووە کار بۆ بەشەرعیکردنی ستراتیژیەتیان لە مۆدێرنیزەکردن و بەعیلمانیەتبووندا، بەڵام لە مەیدانەکانی سیاسی "نەتەوەییدا" لە لایەن ئێتنیسیتی سەردارەوە دیاریکرابوو. لە ئەنجامدا ئێتنیسیتیە ژێردەست و دامرکاوەکان خرانە پەراوێزەوە و دژایەتیشیان بۆ دەوڵەتە نوێیەکان رەنگێکی زۆری ئایین و ترادیسیۆنی گرتبوو. هەڵگەڕانەوە کوردییەکانی سەرەتا لە تورکیا و ئێران بەتەواوی کاردانەوە بوون دژی ئەم کەوتنە پەراوێزییەوە. دەوڵەتە مۆدێرنەکان بواری سیاسیی نەتەوەییان دروستکرد، بەڵام کوردەکان مافی رۆڵ بینین و نوێنەرایەتیکردنیان تیایدا نەبوو.

ناکۆکی نێوان سیاسەت و کولتور تەنها رێکەوتێکی مێژوویی تایبەت نەبوو بە قۆناغی ساوای ئەو دەوڵەتە نوێیانەوە؛ بەڵکو ئەمە خاسیەتێکی دائیمی پرۆسە سیاسییەکانیان بوو کە ئەنجامەکەی لە پێناسەی دەستووریی چەمکی هاووڵاتیبوون دایە لەم نەتەوە-دەوڵەتە تازە لەدایکبووانەدا. باوەڕی سەرداریی گەل کە پێناسەی سروشتی دەسەڵات و شەرعیەتی کردووە لەناو دەستووری ئەو دەوڵەتانەدا، بەهۆی چەمکی هاووڵاتیبوون کە هەویەتی ئێتنیکە زاڵەکانی دروستکردووە بە توندی بێنرخ کرابوو. ئەوانەی خۆیان نەخستبووە قالبی ئێتنیکی تورک و فارس و عەرەبەوە لە ساتوی هاووڵاتیی دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکان بێبەری کرابوون، مەگەر حاشا-ئینکاری هەویەتی ئێتنیکی و کولتوری خۆیان کردبێ. ئەوانەی نەیانتوانیوە ئەمە بکەن بەزۆر ناچار کراون مل کەچ بکەن، ملکەچ کردنەکەشیان زۆربەی کات دوای کردەی سەرەتای بەرگری و سەردانەواندن و

هەڵگەڕانەوە بووە. بۆ ئەوان بە ئەندامـبـوون لە دەوڵەتە نوێیـەکـانـدا بە ئازادی و حەزی خۆیان نەبوو؛ بەڵکو بە ئیجباریی سیاسی سەپێنرابوو. لە راستیدا، هەر لە سەرەتا و تا ئێستاش لە دەستووری ئەو دەوڵەتانەدا ناکۆکییەکی سەرەکیی هەیە لە نێوان مەرجەکانی سەردارییکردن و مەرجەکانی هاووڵاتیبووندا. ئەم ناکۆکییە لە نێوان سەرداریەتی گەل و هاووڵاتیبوونی "ئێتنیکی" بە ئیلزامی دژئامێزانەی سیاسی (political coercion) پردڕێژ کراوە. ئەم ئیلزامیە سیاسیەش ڕێکخەری سەرەکیی پەیوەندیی نێوان سەردار و کوردەکانە لەهەر چوار دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا.

دوا خاڵ گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛ ئەم خاڵە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیلزامی سیاسی و توندوتیژی لە کوردستان بەردەوام دەبێ تا ئەو مەرجانەی کە پەیوەندیی نێوان هەویەتی کوردی و سەردارەکان دیاری دەکەن بە نەگۆڕی بمێننەوە. مەسەلەی هەرە گرنگ لەم ڕووەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە مێژووی کورت بەڵام توندوتیژی ئەم پەیوەندییەدا بەدی کراوە، مەفهومی مۆدێرنی سەرداریەتی سیاسییە کە لە دەستووری ئەو دەوڵەتانەدا پارێزراوە. ئەم مەفهومە سنوورەکانی هەویەتی کوردی و سەردارەکانی دیاریکردووە و ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانەش بەرامبەر بە کۆمەڵگا کوردییەکان رادەگەیەنێ. مەفهومی سەرداریەتی لە دەرەوەی مەملەکەتی سیاسەتی دیاریکراودا کە وەکو "ڕێکخەری ڕەفتار"وایە لە "پەیوەندییەکانی هێز"لەناو کۆمەڵگادا، ڕووانینێکی مێژووبڕی (transhistorical) دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە خۆی، چەمکی سیاسەتی پەیوەست بە مەفهومی سەرداریەتی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەکەوێتە دەرەوەی سنوورە هەمیشە

گۆڕاوەکانی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان هێزە سیاسییە واقعیەکاندا هەن، بەمجۆرە، ئەم چەمکە ناکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕان و دینامیکیەتی هێزە سیاسییە واقعیەکانەوە. ئەمەش زەرەر لە ڕەفتاری فەرمانڕەوای بەجێ دەدات. بۆیە پێویستە ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانە و فەرمانڕەواییان بەسەر کۆمەڵگا کوردییەکاندا بەتەواوی لە مەسەلەی سەرداریەتی جیابکرێتەوە. لەجیاتی ئەمە، پێویستە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کوردییەکان وەکو پرۆسەیەکی سیاسی ڕەفتاری لەتەکدا بکرێ و بخرێتە ناو چوارچێوەی گشتیی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی هاوڵاتیانەوە.

لێرەدا پێویستە چەند وشەیەک بڵێم بۆ ڕوونکردنەوە. مەفهومی مۆدێرنی سەرداریەتی کێشەئامێزە: ئەم مەفهومە هەویەت و شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی دیاریدەکات لە کاتێکدا خۆی لە دەرەوەی ڕەفتاری دەوڵەتدا دەمێنێتەوە. ئەمە پرنسیپێکی قانوونی-سیاسی دەگرێتە خۆی لە کۆد دانان بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ کۆمەڵگای مەدەنی. مەفهومی مۆدێرنی سەرداریەتی بە مانا سادەکەی واتای "مەیدانێکی سیاسی نەتەوەیی" یەکگرتوو دەگەیەنێ و ئەو کەسانەی تیایدا دەژین "سۆزەی یەکگرتوون" و هەویەتیان لە لایەن هەویەتی هێزی سیاسییەوە دیاریکراوە. ئەم هەویەتەش یەکشێوە و چەسپاو و سەر بە یەک ڕەگەزە. بۆیە لەڕووی پرنسیپەوە، ئەم هەویەتە دان بە جیاوازیدا نانێت و جیاوازییە سیاسی و ئابووری و کولتورییەکانیش هاوتا لەگەڵ قازانجی کۆمەڵگای مەدەنی یان لە " مەیدانی سیاسی نەتەوەیی " وەدەرنراون، یانیش لەناو عەقلی هەمەکی دەوڵەتدا توێنراونەتەوە. لەهەردوو حالەتدا، ئەنجامەکە هەمان شتە: ئەمەش واتە وەدەرنان یا سڕینەوەی ئەو

هەویەتانەی کە ناگونجێن لەگەڵ هەویەتی یەکشێوە و سەربە یەک ئێتنیکی دەسەڵاتی سیاسیی دارێژراو لەناو دەستووردا. هەربۆیەش لە مەیدانی سیاسی نەتەوەییدا بە ناشەرعی و نادەستووری ناسراون. رەفتاری دەسەڵاتی سیاسیی هاوتا بە سەرداریەتی بەرەو بە دەوڵەتیکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دەروات و کۆسپیش دەخاتە بەردەم گەشە و پێشکەوتنی.

ئەوەی سەرەکییە لێرەدا چەمکی هاوڵاتیبوونە کە پەیوەندی نێوان تاک و گروپ و کۆمیونیتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا رێکدەخات.(١١) چەمکی هاوڵاتیبوون کە ئاوێتەبوو بە سەرداریەتی، هەمیشە هەویەتی ئێتنیکی دەسەڵاتی سیاسی هەڵدەگرێت. ئەمە بنەمای یەکەمی کردە یەکگرتووەکانی دەوڵەتە لە چوارچێوەی قانوونی حوکمڕانیدا و هۆکاری یەکەمی وەدەرنانی هەویەتە کولتووری و سیاسییە ناسەردارەکانیشە لە پرۆسەی سیاسی تەنانەت ئەگەر داوای دانپیانانی "مافەکانیان" بە شێوەیەکی دەستووری و ناشتیخوازانەش بکەن. کاتێ سەرداریەتی پرنسیپی سەرەکیی رەفتاری سیاسی بێت لە دەوڵەتی مۆدێرندا، چەمکی هاوڵاتیبوون ناتوانێ لە پرۆسەی سیاسی "نەتەوەییدا" زەمینەیەک دابڕێژێ بۆ گوزارەکردن لە ماف و بەرژەوەندییە دیموکراتییەکانی هەویەتە ناسەردارەکان- بە تاک و گروپ و کۆمیونیتییەوە-. هەروەک وتمان، ئەم هەویەت و ماف و بەرژەوەندییانە، رەگیان دەگەڕێتەوە بۆ ناو مۆدێرنیتی، بەڵام هیچ مەفهومێکی سیاسەتی مۆدێرن کە ئاوێتەی سەرداریەتی بێ یا لە ئەوەوە دارێژرابێ ناتوانێ لە "ئەزموونی ژیاو" ی هەویەتی ناسەردار لە چوارچێوەی یاسایی-سیاسیی

دەوڵەتی مۆدێرندا بگات یا روونی بکاتەوە. ئەم پارەدۆکسە پێویستی بە تێگەیشتن، ئەگەر نەڵێین چارەسەرکردن، هەیە.

## سەرداریەتی، حوکمڕانی و کۆمەڵگای شارستانی: گفتوگۆ

یەکەم هەنگاو لەم رووەوە کە ئەم روونکردنەوەیە پێشنیاری دەکات پیادەکردنی ریفۆرمی دەستووریی رادیکاڵە کە بە هۆیەوە مەفهومە ئێتنیکیە باوەکانی هاووڵاتیبوون بگۆڕدرێن بۆ تێگەیشتنی دیموکراتیانەی هاووڵاتیبوون. تێگەیشتنێک کە بۆ بە ئەندامبوون لە کۆمەڵگا و دەوڵەت خاسیەتە ئێتنیکی و نەژادی و ئایینی یان کولتورییەکان لەبەرچاو نەگرێ. بەڵام ئەم پێشنیارە کاریگەریی نابێ ئەگەر بە تەنها وەربگیرێ؛ لە راستیدا پێشنیارەکە بونیادە تیۆرییە تایبەتییەکانی خۆی لەناودەبات ئەگەر لە هەمان کاتدا ریفۆرمە دەستوورییە پێشنیارکراوەکان پێناسەکردنەوەیەکی رادیکالانەی هەویەتی ئێتنیکی دەسەڵاتی سیاسی لەم دەوڵەتانە نەگرنە خۆیان؛ واتە دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان حکومەت و یەکەی قانوونی دەوڵەت. ئەمەش پێناسەکردنەوەی ئامانج و مێتۆد و ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی لەو کۆمەڵگایانە دەگەیەنێ. ئەمە مەرجێکی ئیجبارییە بۆ سەرکەوتنی ریفۆرمە پێشنیارکراوەکان. بەڵام رەخنەی یەکەی قانوونی مەفهومی سەرداریەتی بەرەو مەرجێکی دیکەی گرنگتر دەبات کە بنچینەی پێناسەکردنەوەی رادیکالانەی رەفتاری دەوڵەتە. ئەم مەرجە پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و

کۆمەڵگای شارستانی: دووبارە پێناسەکردنی رەفتاری دەوڵەت پێویستی بە چوارچێوەیەکی قانوونی نوێ هەیە بۆ بەکۆدکردنی دەسەڵاتی سیاسی کە بێگومان کۆمەڵگای مەدەنیش دەگرێتەوە. ئەم چوارچێوە قانوونیە دەبێ خاسیەتی هەمە کولتووری و نەژادی و ئێتنیکی لەبەرچاو بگرێت و نوێنەرایەتی راستەقینەی هەموو گرووپەکان لە کۆدی یاسایی دەسەڵاتی سیاسیدا دابین بکات.

لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای شارستانی زۆر گرنگە لە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنەوەی هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی و رەفتاری حکومەت لە دەوڵەتی مۆدێرندا. بەم واتایە، ئەمە ماوتای رەفتاری حکومەتی مۆدێرنە و مەرجی سەرەکییە لە دەستپێکردنێکی رادیکالانە لە "بە دەوڵەتکردنی کۆمەڵگا" کە بەشێوەیەکی بەردەوام بە ئاخاوتن و پراکتیکی سەرداریەتی پشتگیری لێدەکرێ، هەروەها لە چوون بەرەو قۆناغی "بە حکومەتکردنی دەوڵەت" کە زۆر بە باشی دەتوانێ پرۆسەی دیموکراتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی مۆدێرندا دابین بکات. چونکە پێناسەکردنەوەی هەویەت و رەفتاری دەسەڵاتی سیاسی بە واتای "تەکنۆلۆژیای سیاسیی حکومەت" پێویستی بە کۆمەڵگایەکی شارستانی وا هەیە کە بتوانێ نوێنەرایەتی فۆرمەکانی بەخودبوونی ئێتنیکی (subjectivity) و جیاوازی (difference) بکات وەکو توخمی نەگۆڕی پرۆسەی سیاسیی دیموکراتی کە تیایدا ئەرک و ئامانجەکانی حکومەت تاکە پرنسیپی خەباتی سیاسی و نارەزایی بن.(١٢)

ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە ئاماژە دەکات بۆ ئەو تاکە پایەی کە کۆمەڵگای

شارستانی داگیری دەکات لە پێناسەکردنی سنور و تخومە
کردەئامێزەکانی دەسەڵاتی سیاسیی "سەردار" لە دەوڵەتی مۆدێرندا.
ئەمەش لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی واتای یەکەیەک دەگەیەنێ
دەکەوێتە ناو چوارچێوەی یەکانگیری برگە یاساییەکانی دەوڵەتەوە، بەڵام
کراوە نیە بۆ کردە سینترالیزیەکانی.(١٣) لەم بۆچوونەوە کۆمەڵگای
شارستانی لەیەک کاتدا "ناوەکی" و "دەرەکی" یە لە دەوڵەتی مۆدێرندا،
بوارێکی ترانزناکسیۆناله لەسەر سنوری دەسەڵاتی سیاسی و هەموو
ئەوانەی کە لە کاریگەرییە سینترالیزیەکانی لادەدەن.(١٤) بەم شێوەیە،
سنورەکانی کۆمەڵگای شارستانی سنوری کردە سینترالیزیەکانی
دەسەڵاتی سیاسی و ئاستی کاریگەرییان لە دەوڵەتی مۆدێرندا
دیاریدەکات، بەمجۆرە فەزایەکی گرنگ دروست دەکات لەبەردەم حکومەت
بۆ بەکارخستنی تەکنیکی لەبار بۆ هەڵسوکەوتی لە دابینکردنی ئاسایشی
نەتەوەییدا. مەبەست لێرە ئەوەیە کە کاتێ تەکنیکەکانی حکومەت
کۆمەڵگای شارستانی لەبەرچاو بگرێ، ئەوە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی
نێوان سۆژە و هێزی سیاسیش دەگرێتەوە، واتە دووبارە پێناسەکردنی
ماف و ئازادییەکان کە بەستراونەتەوە بە چەمکی هاووڵاتیبوونەوە، ئەمەش
مانای وایە کە سەربەستی خەڵکی ژێردەست لە بەرامبەر دەوڵەت دەبێتە
ناوەرۆکی سەرەکیی عەقلانیەتی زاڵی حکومەت. ئەمەش مەرجی گرنگی
رەفتاری حکومەتە لە کۆمەڵگادا.(١٥) لەم بۆچوونەوە، کۆمەڵگای
شارستانی وا لە حکومەت دەکات کە بتوانێ گیروگرفتە سیاسییەکان
بخاتە روو بە بێ ئەوەی پێویستی بە شێوازەکانی شەرعیەت هەبێ کە لە
ئیلزامیەتی پێشومختی سوبژەی-هاووڵاتی بۆ ملکەچکردن لەبەردەم
دەسەڵاتدا بنگە دەگرێ. بە واتایەکی تر، رەفتاری حکومەت چیتر

پێویستی بە سەرچاوەکانی شەرعیەت نابێ لە دەرەوەی کردەی کاریگەریی خۆیدا.(١٦)

گفتوگۆ بۆ جیاکردنەوەی مەسەلەی کورد لە سەرداریەتی سیاسی بریتیە لە گەڕان بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی سیفاتی ئەو مەسەلەیە لە سیاسەتی "نەتەوەیی" ئەو دەوڵەتانەدا. ئەم ئاوەژووبوونەوەیەی مەسەلەی کورد لە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییەوە بەرەو مەسەلەیەکی سیاسیی پیادەکراو لە رەفتاری رۆژانەی حکومەتدا، هەروەکو بینیمان، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێویستی بە گۆڕانێکی لەبار هەیە لە هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی لەو دەوڵەتانەدا. ئەم پێشنیارە ناچێتە مێشکەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای شارستانی و رۆلی سەرەکی لە بنیاتنانەوە-دامەزراندنەوەی پرۆسە سیاسیەکان. ئەم لێکدانەوەیە ئاماژەیە بۆ ئۆبژێکتیفەکردنێکی سیاسیانەی کۆمەڵگای شارستانی وەکو هەردوو هۆکار و مەرجی ئاوەژووبوونەوەی پێویست لە سەرداریەتیەوە بۆ حوکمڕانیکردن لەم دەوڵەتانەدا.(١٧) بە ئۆبژێکتیفەکردنی سیاسیانەی کۆمەڵگای مەدەنی، بەو شێوەیەی لەسەرەوە قسەی لەسەر کرا، دەتوانێ عەقلانیەتی ئۆتۆنۆمی حکومەت دابین بکات کە بەهۆیەوە دەشێ پرسیاری سەرەکی دەربارەی چۆنیەتی حوکمڕانیکردن بکرێ و وەڵام بدرێتەوە، واتە دۆزینەوەی تەکنیکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت، بەبێ ئەوەی چەمکی دەسەڵات و شەرعیەت کە خراونەتە پاڵ مەفهومی سەرداریەت، بێنە پێشەوە.(١٨)

هەواڵنامەی کتێب

# کۆمەڵگای مەدەنی و ناسنامەی کوردی لە تورکیا و ئێراندا

بەڵام هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا و ئێراندا چۆنە؟ (١٩) ئایا هەلومەرجی کۆمەڵگای مەدەنی لەو وڵاتانەدا ئەوەندە پێگەیشتووە کە گواستنەوەیەکی لەم چەشنەی ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی دەستەبەر بکا؟ باس لەسەر سروشت و سنوورەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و تورکیادا بەستێنێکی بەربڵاوی بیر و بۆچوون نیشاندەدات. ئەو باسانەی ئێستا لە ئارادان تاڕادەیەکی زۆر مۆرکی ئەو هەلومەرجە کولتووریی و سیاسییانەیان پێوەیە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەوان، واتا خەبات بۆ دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی، کە بە ئاشکرایی پێناسەکردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی و لە ئاکامدا کۆمەڵگای مەدەنییش لە خۆی دەگرێ. بۆیە لەم پێوەندییەدا، باسگەلی لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا و ئێراندا لە ویستی گشتی بۆ دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی جیاناکرێنەوە: کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئامرازێک بۆ بەرتەسککردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی باوەڕی پێکراوە، ئامرازێک کە دەبێتە هۆی پەرەگرتنی بەشداریی جەماوەریی لە پرۆسەی سیاسیدا و دەستەبەرکردنی بەرپرسیاریی دیموکراتیک. ئەم پێوەندییە لەگەڵ دیموکراتیزەکردن هەلومەرجە تیئۆریک و سیاسییەکانی باس لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی پێناسە دەکات. واتە دژبەیەکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەوڵەکانی لەمەڕ پێناسەکردنی کاراکتێر و سنوورەکانی ئەم، زۆر بە نیزیکی گرێدراوی ئەو ستراتیژییانەن کە بۆ دیموکراتیزەکردن و گۆشدان و شێوە خەباتەکانی لەم پێناوەدا، بەڕێوە دەچن. لەئەم چوارچێوەیەدا ئەم خاڵە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە کاراکتێر و سنوورەکانی کۆمەڵگای

مەدەنی و ئاستی واقیعیی گەشەکردوویی و بالغیی ئەو، بە روونی، بە ئاکامی شێوەکانی باوی خەبات بۆ دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی دەبەسترێتەوە. ئەم شێوە خەباتانە بەستراوەی هێزەکانی مەیدانی سیاسی ئێران و تورکیان کە بەردەوام لە گۆڕان دان. بە واتەیەکی تر سیاسەتی دیموکراتیزەکردن کە هەلومەرج و سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی کە بەردەوام لە گۆڕاندان، پێناسە دەکا. سیاسەتی دیمۆکراتیزەکردن نە تەنیا لە ویستی پێناسەکردنەوەی ناسنامەی سیاسی جودانییە، بەڵکو تەواو وەک ئەوە. ئەوان دوو رووی یەک پرۆسە پێک دەهێنن.

جابۆیە پرسیاری ستراتیژیک لەم بارەوە ئەوەیە کە هەوڵەکانی لەمەڕ دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی لە تورکیا و ئێراندا چەندە دیموکڕاتیکن؟ یان بە واتەیەکی تر، باسەکانی لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا و ئێراندا چەندە دیموکراتیکن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویست دەکات بە خێرایی چاوێک بە شکڵگرتنی فکری و هزریی باسگەلی باو لە ئێران و تورکیادا بخشێنین. بە لەبەرچاوگرتنی باسی ئەم وتارە، چاوپێداخشانننەکە بەتایبەتی لەسەر بابەتگەلی ئێتنیسیتە و جیاوازییەکانی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە پرۆسەی دیموکراتیکدا دەبێت. لە کاتێکدا لە تورکیا ئێتنیسیتە و بابەتی ئێتنیکی لە گوتاری (discourse) ناڕەسمی و نیوەڕەسمیی ئاکادیمی و میدیادا ئاماژەی شاردراوە بە مەسەلەی کوردن، لە ئێراندا پرسەکە ئاڵۆزترە. ئێران لە زۆر کۆمەڵی ئێتنیکی ناسەربەخۆ پێکهاتووە؛ لە باری ژمارەوە کۆمەڵی ئازەرییەکان هەتا ئێستاش گەورەترینە و کۆمەڵی کوردەکان لە پلەی دووهەم دایە. بەڵام لە باری سیاسییەوە کوردەکان بەردەوامن لەوەیکە لە بەرەی پێشەوەی بەرهەڵستکاریدابن دژ بە

ناسنامەی سەردەست، داپلۆسانین و سەرکوتکردنی ناسنامەی کوردی رۆڵێکی گرنگتری لە سازکردن و پێناسەکردنی ناسنامەی یەکدەستی نەتەوەیی ئێرانیدا گێڕاوە، بەلانی کەمەوە لە کاتی رووخانی کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٧ دا کاتێک ناسیۆنالیزمی ئازەری یەکگرتوویی و رێبازی خۆی لە دەست دا. لەبەرئەوەی، لە باری سیاسییەوە راست و پاساودراوە بڵێین کە لە ئێرانی سەردەمدا گوتار و کردەوەی جیاوازیی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە هەنگاوی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر کوردەکان و ناسنامەی کوردی.

باسەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا هەم لە باری کاراکتێر و هەم لە باری فۆرمەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو جیاوازن. لە هەمان کاتدا ئەم باسانە خاوەنی پێشفەرزگەلی هاوبەشی تیئۆریکن. وا فەرز دەکرێ کە کۆمەڵگای مەدەنی و نەزمی دیموکراتیک بەیەکەوە گرێدراون؛ ئەوان مەرجی هەبوونی یەکترن - دیموکراسییەکی پێگەیشتوو (بالغ) کۆمەڵگایەکی مەدەنیی پێگەیشتوو بە پێشفەرز دادەنێ و هەروەها بە پێچەوانەشەوە. ئەم گرێدراوییە دوولایەنییە بۆ بەرتەسککردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دەستەبەرکردنی بەرپرسیاریی جەماوەری پێویستە، هەلومەرجێکی پێویست بۆ مانەوە و گەشەکردنی هەم کۆمەڵگای مەدەنی و هەم نەزمی دیموکراتیک. بۆیە ئەم پێشفەرزانە وەک خاڵگەلی ئاماژە لە خزمەت ئەم باسانە دان. بە شێوەیەکی گشتی ئەم رایە هەیە کە لە تورکیا لە قەراغ پرۆسەیەکی سیاسیی دیموکراتیکی لاواز بەڵام کارکردییدا، کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەرتەسک بەڵام تەواو لەرزۆک لە ئارا دایە. دەوڵەتێکی تەواو دەستتێوەردەر و ئایدۆلۆژییەکی ناسیۆنالیستیی هێرشکەر وەک

هۆکارەکانی ئەم لاوازییە دوولایەنییانەی کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتیک لە تورکیادا دادەندرێن، بەتایبەتی لە روانگەی بەرفراوانبوونی بەردەوامی هێزی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لەسەر حسێبی هێزگەلی دادوەری و یاسادانەر کە پارەمەتیدەر و ڕێخۆشکەری سێ کۆدەتای سەربازیی یەک لەدوای یەک و پەرەگرتنی هێزی ئەرتەش بووە لە سیاسەتی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٦٠ڕا. لێرەدا جەختی باسەکە لەسەر سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنییە کە وەک بابەتێکی سازەیی لە دەرەوەی قەڵەمڕۆی حقوقیی دەسەڵاتی دەوڵەتدا سەیر دەکرێ، بەڵام بەهۆی پەرەگرتنی بەستێن و لە زێدەدانی کارتێکردنی کردەوەگەلی ناوەندمەندکردنی دەوڵەت، لە کۆمەڵگای تورکیادا تاڕادەیەکی زۆر و بە شێوەیەکی بەردەوام دەستدرێژی لێدەکرێ. بەمجۆرە باسگەلی لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی باسگەلێکن لەمەڕ فراوانکردن و سەقامگیرکردنی پرۆسەی دیموکراتیک، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسی حقوقیی سەروەریی(حاکمیەتی) تورکیادا بەوێنەی کە لە یاسای بنەڕەتی ١٩٨٠دا دەستنیشانکراوە.(٢٠)

باسگەلی لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیادا بەدەگمەن لە سنوورەکانی ئەم چوارچێوەیە تێدەپەڕن، چوارچێوەیەک، کە هەروەک ئەو جۆرەی دیترا، خاڵی هاوبەشی دەسەڵاتداریی(حاکمییەت) و ئایدۆلۆژیایی رەسمیی کەمالیستییە. لەراستیدا ئەم باسانە زۆرتر چەمکەکانی هێزی سیاسی، دەسەڵات و مەشروعییەت لە خۆدا جێدەکەنەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە حاکمییەتی تورکیاوە بەستراونەوە. هەروەها ئەم باسانە هەڵگری واتەگەلی کردەوە و نوێنەرایەتی سیاسین کە بەگوێرەی پرنسیپگەلی کەمالیستی پێناسەکراون. وەفاداری بە سێکولاریسم و دەوڵەت - نەتەوەی تورکی و

شارستانییەتی تورکیی خوازراوی کەمالیستی و داواکراو لەلایەن پاریزەرانی مەدەنی و نیزامی لە ژوورەوە و دەرەوەی دەزگای دەوڵەت، بەشێوەیەکی کاریگەر سنوورەکانی گوتاری هاوچەرخی دیموکراتیزەکردن و کۆمەڵگای مەدەنی دیاریدەکەن. جا بۆیە ناسنامەکانی کوردی و ئیسلامی بە گوێرەی پێناسەکردن، لە دەرەوەی قەڵەمڕۆی سیاسەتی یاسای بنەڕەتیدا جێدەگرن. ئەم هەویەتانە (ئیسلامی و کوردی) وەک بابەتگەلی "بانسیاسی" (سەرویی سیاسەت) (extra-political) هەبوونیان هەیە، ئەگەر هەبوونێک لە ئارادابێ، و پێویستیان بە ئامرازگەلی بانسیاسیی دەربڕین و ڕێگاچارە هەیە. هەربۆیەشە لە گوتاری دیموکراتیزەکردن و کۆمەڵگای مەدەنی لەمەڕ پرسگەلی هەویەتی کوردی و ئیسلامی داخراویی و بێدەنگییەک لە ئارادایە. ئەم داخراویی/بێدەنگییە کە دەگاتە ئاستی حاشالێکردن/دەرهاویشتنی ئەم هەویەتانە لە گوتار و کردەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەکردندا، لە چوارچێوەی نۆرمەکانی یاسای بنەڕەتیدا کە ڕێ بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی ئەوانی تری غەیری حاکم دەدات، پاساو دەدرێ. بەردەوامیی ئەم داخراویی/ بێدەنگییە دژی دیموکراتیکە و مەشروعییەتی حاشاکردن لە جیاوازی و زەبروزەنگ دژی "ئەوی تر" لە گوتاری دیموکراتیزەکردن و کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیای هاوچەرخدا، بەر لە هەموو شتێک ڕاستیی بەکردەوەی باسە تیئۆرییەکەی ئێمە دەسەلمێنێ: گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ گۆڕانی هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی مومکین نییە. ئەوان دوو ڕووی یەک پرۆسەن؛ ئەوان پێشمەرجی یەکترن. کۆمەڵگایەکی مەدەنیی پێگەیشتوو(بالغ) دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی دەکاتە پێویستییەک و لە میانەی ئەم دیموکراتیزەکردنەدا دەکرێ بیر لە گۆڕانی هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیادا بکرێتەوە.

ئەم چاوپێداخشانە گشتییە بە هیچ جۆرێک بە مانای پێداچوونەوەی تەواوی باسی هاوچەرخ لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیادا نییە. هێندێک کاری رادیکاڵتریش هەن کە ئەم چوارچێوە نۆرماتیڤە تەنیا تاڕادەیەک، دەشکێنن. ئەم باسانە تەنیا تا ئەو جێگایە دەڕۆن کەلە گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی لە تورکیادا، دان بە پێداویستیی هێنانە ئارای هەویەتگەلی ئیسلامی و کوردی بێنن، بەبێ لەبەرچاوگرتن و حسێبکردنەوە بۆ مانا لاوەکییەکانی کەمالیسم یان هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا. بەمجۆرە دانپێداهێنانی هەویەتی کولتوریی کوردەکان و ئازادی و مافە کولتورییەکانی پێوەندیدار، پێکهێنەری بنەمای نووسخەی چارەسەریی ئەوانە بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیادا. بەپێی ئەم باسانە لامەرکەزیی سیاسی و پێناسەکردنەوەیەکی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەتەنێ بەسن بۆ دەستەبەرکردنی گەشەکردنی دیموکراتیکی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەم باسانە هەرگیز ئەوەندە پەرەناستێنن کە مەسەلەی دەسەڵاتداریی (حاکمییەت) و هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی لەخۆبگرن. سەرەڕای رادیکاڵبوونی ئەم باسانە لە شانۆی سیاسەتی تورکیادا، ئەم کەمایەسییە دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگیی سیاسی باسەکان دابەزێنێ.(٢١)

هۆکاری جیاوازی سیاسی و تیئۆریک بۆ ئەم کەمایەسییە لە ئارا دان. شک لەوەدا نییە کە بەرژەوەندیی سیاسی و ترس لە ئازاری دەوڵەت لەم پێوەندییەدا هۆکاری سەرەکیین، هەروەها هۆکارێکی تری ئەم کەمایەسییە وەفادارییە بە گوتاری تیئۆریکی جەوهەرگەرایانەی تایبەتی کە لەمەڕ پێوەندیی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی بێدەنگ

دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا، هۆکاری سەرەکی بریتییە لە دوودڵیی سیاسیی ڕووناکبیرانی دیموکراتیک لەمەڕ کەمالیسم و وەفاداری ئەوان نەتەنیا بە مۆدێرنیتە، بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک بە سێکولاریسم و ڕێکخراوە عەقڵانییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا. ئەم دوودڵییە کە بەهۆی وەفاداریی ڕووناکبیرانی دیموکرات بە مۆدێرنیتە و باڵادەستیی عەقڵ (reason) پەروەردە دەکرێ، بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەڵسەنگاندنی دیموکراتیکی هاوچەرخی کەمالیستدا خۆی دەنوێنێ. ئەوە هیچ زێدەڕۆیی نییە کە بڵێین کەمالیسم هێشتاش درێژە بە پێناسەکردنی سنوورەکانی باسی دیموکراتیک لە تورکیادا، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ هەویەتی کورد و مافەکانیدا، دەدات.

باسی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێراندا خاوەنی هەلومەرج، چوارچێوەی واتەیی و ئامانجی ستراتیژیکی جیاوازە. لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی لە ساڵی ١٩٩٧ بەملاوە، ئەم باسە لایەنێکی گرنگی فراکسیۆنیسمی سیاسی و ململانێی دەسەڵاتە لە ڕژیمی ئیسلامیدا. هەروەها ئەم باسە ئامرازێکە بۆ خوێندنی گوتاریی ناوەندگەلی دژبەر لەسەر کاراکتێری دەسەڵاتداریی سیاسی، حکوومەت و مەشروعییەت لە کۆماری ئیسلامیدا. تایبەتمەندییەتی ئاشکرای سیاسی باسەکە خێراییەک (فەورییەتێک) دەدات بە ئەم (باسە) کە لە کەیسی تورکیادا نابینرێ. بەڵام هەروەک تورکیا لە ئێرانیشدا سنوورەکانی باسی کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن گوتاری دەسەڵاتدارەوە (حاکمەوە) واتە ئیسلامی سیاسی و بە شێوەیەکی ڕوونتر شیعیزمی سیاسیی رادیکاڵ کە لە کەسایەتی خومەینی و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا خۆی دەنوێنێ، پێناسە دەکرێ.(٢٢)



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەیکە ئیسلام و هەویەت و سازییە ئیسلامییەکان لە ناوەندی ئەم باسەدا جێیان گرتووە، کاراکتێرێکی ستراتیژیک دەدەن بە باسەکە. ئەوە لە پلەی یەکەمدا لەبەر ئەو راستییەیە کە ئیسلامی سیاسی نەک تەنیا هەر تایبەتمەندیی رژێم بەڵکوو هەویەتی دەسەڵاتی سیاسیش لە کۆماری ئیسلامیدا پێناسە دەکات. بەڵام ئیسلام و هەویەتی ئیسلامی کارتێکەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر دوو ئاستی جیاوازی باس لە کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێراندا: ئاستێکی گشتیی مێژوویی و ئاستێکی تایبەتیی سیاسی. ئەگەرچی ئەم دوو ئاستە بە تێروتەسەلی، چ لە باری واتەیی و چ لە باری سیاسییەوە، دەستنیشان نەکراون و زۆرجاران لە باسەکەدا تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەوەیکە ئەوان واتەگەلی جۆراوجۆری دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتداری و مەشروعییەت دەهێننە ئاراوە لێک جیاوازن و هەربۆیەش پێناسەی جۆراوجۆری واتەی کۆمەڵگای مەدەنی لە گوتاردا بەکاردەهێنن.

لە ئاستی گشتیدا باسەکە مێژوویی و بەراوردییە. باسەکە لە پلەی یەکەمدا لەسەر سازگاریی نەریتەکان و پرۆسەگەلی کولتوریی و سیاسی - حقوقیی ئیسلامیین لەتەک نەریتەکان و پرۆسەگەلی کولتوریی و سیاسیی سێکولاری مۆدێرن کە بە شێوەیەکی مێژوویی بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژئاوادا گرێدەدرێن. گریمانەی سەرەکی، بۆیە، ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی لایەنێکی مۆدێرنیتەیە کە نەریت و پرۆسەگەلی گوتاریی و ناگوتاریی دیاریکراو کە خراونەتە پاڵ مێژووی کۆمەڵگا نوێیەکانی رۆژئاوا، وەک پێشمەرجێک دادەنێن. ئەم گریمانەیە کاراکتێری مێژووگرانە و لایەنی

بەراوردیی باسەکە پێناسە دەکات. بەشی زۆری باسەکانی دژی هەبوون یان ئیمکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێراندا بە واتەگەلی جەوهەرگەرایانەی ئیسلام و مۆدێرنیتە ناوئاخن کراون. ئەمانە (ئیسلام و مۆدێرنیتە) وەک دوو شتی ناسازگار، ئەگەر نەڵێین وەک دوو شتی شوێن بەیەکتر چۆڵکەر، وەرگیراون: کۆمەڵگای ئێران بە شێوەیەکی جەوهەری، ئیسلامییە و ئەو جەوهەرە ئیسلامییە یەکدەستە کە ڕێڕەو و ڕێبازی مێژووی ئەم پێناسە دەکات ناتوانێ زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کە بە شێوەیەکی جەوهەریی دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی و بۆیەش سازییەکی نامۆیە، پێکبهێنێت. ئەم باسە جەوهەرگەرایانە واتەیەکی زۆر لێڵ لە کۆمەڵگای مەدەنی بەدەستەوە دەدەن کە چ لە بارودۆخی سیاسی و مێژوویی ڕۆژئاوادا و چ لە هی ئێرانیشدا، بەزەحمەت شی دەکرێنەوە، ئەدی با هەر واز لە واتەکردنەوەکەی بهێنین.

بەڵام دژایەتی جەوهەرگەرایانەی شیعە لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هەر تەنیا بە ئەم باسەوە بەرتەسک ناکرێتەوە. باسی مێژوویی بەراوردی زۆرجاران لەگەڵ بابەتێکی تر کە تەواو سیاسییە تێکەڵاو دەبێ و ئەم باسەش هێزو دەسەڵاتی خۆی لە تێز و باوەڕی ویلایەتی فەقیهی خومەینی و واتەکانی حکوومەت، دەسەڵات و سەروەری (حاکمییەت) کە لە ئەودا جێدەگرن، وەردەگرێ. بۆ دژایەتی و بەرپەرچدانەوەی ڕایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سەروەری و مەشروعییەت کە بە شێوەیەکی مێژوویی و واتەکراویی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژئاوادا هاوپێوەندن، بەردەوام لەم چەمکانە یارمەتی وەردەگرێ. جا بۆیە ئەو شتەی کە لە ڕاستیدا بەرپەرچی جەوهەرگەرایانەی کۆمەڵگای مەدەنی وەک

هەواڵنامەی کتێب

دیاردەیەکی غەیری ئیسلامی و نامۆ پاساو دەداتەوە نەک پێشینە و بنچینەی مێژوویی رۆژئاوایی کۆمەڵگای مەدەنییە، بەڵکوو هاوپێوەندیی کۆمەڵگای مەدەنییە لەگەڵ دیموکراسی و حکوومەتی دیموکراتیک بەتایبەتی لە ئاستی ئێستای ململانێی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا. لە بارودۆخی تایبەتیی کۆماری ئیسلامیدا، گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی دەباتە ژێر پرسیار؛ بۆیەش شتێکی دیموکراتیکە. ئەو شتەی لە پلەی یەکەمدا لە ململانێی دەسەڵات و رێرەوی سیاسیی هێزەکانی دژبەر لەناو رژێم و کۆمەڵگادا لە ئارادایە بەگشتی کێشەیەکە لەسەر دیموکراسی و حکوومەتی دیموکراتیک. ئەم خاڵە بەتایبەتی شایانی سەرنجە، چوونکە ئەمە هەم کاراکتێری ستراتیژیکی واتەی کۆمەڵگای مەدەنی و هەمیش لایەنی ئامرازبوونی ئەو لە قەیرانی سیاسیی ئێستای ئێراندا دەستنیشان دەکات.

لەلایەکی ترەوە باسەکانی هۆگری کۆمەڵگای مەدەنی و پێویستیی گەشەپێدان و فراوانکردنی قەڵەمڕۆی ئەم لە کۆماری ئیسلامیدا، پێیان وایە کۆمەڵگای مەدەنی و ئیسلام بەیەکەوە سازگارن. لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنی نە لە باری ئایدۆلۆژیکییەوە بلووکێکی یەکدەستن و نە لە باری سیاسیشەوە. ئیسلامیستەکان و سیکولاریستەکان لە ئیئتلافێکی رێفۆرمیستیی بەرفراواندا کۆبوونەتەوە. ماکەی وزەی ئەم ئیئتلافە دژایەتی هاوبەشی ئەوە لەگەڵ ئیسلامیستە توندڕەوەکان کە خۆیان بە تێز و باوەڕی ویلایەتی فەقیهی خومەینی پێناسەدەکەن. لایەنگرەکانی ئەم باوەڕە بەتایبەتی لەسەر یەکێتیی لەدابەشنەهاتووی دەسەڵاتگەلی سیاسیی ئایینیی لە حەوزەی حکوومەت و باڵادەستیی شەریعەت (کە بۆ دەستدرێژی کردن نابێ) لە رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا پێدادەگرن. (٢٤)

رووناکبیرانی سیکولار تەقریبەن بەشێوەیەکی لە گۆڕان نەهاتوو چوارچێوەی مێژوویی بەراوردی بەکاردێنن، بەڵام خاڵی ئاماژەپێکراوی ئەوان پتر مێژووی ئێرانە نەک ئیسلام. ئەگەرچی ئیسلام وەک ناوەندی باسەکە دەمێنێتەوە، بەڵام تەنیا لایەنێکی پرۆسەی پێچەڵپێچی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگای ئێران پێکدێنێ. بەشێوەیەکی گشتی، لەباسی سیکولارەکاندا کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەی جیاواز وەک گرووپێکی سازەیی سەربەخۆ لەدەرەوەی قەڵەمڕۆی دەسەڵاتی سیاسیدا فەرزدەکرێ کە دەتوانێ سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەرتەسک کاتەوە. لە باسی سیکولاردا هەردوو باوەڕی سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆڵی ئەو لەبەرتەسککردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا لەسەر پێشفەرزی پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیک وەک مەرجی جەوهەری و پێویستیی هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی دامەزراون. باسی سیکولار لە پێناو کۆمەڵگای مەدەنی، لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا، باسێکە لەمەڕ دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی، بەڵام لەنێو چوارچێوەیەکی نۆرماتیڤدا کە جێ بۆ ناسنامە و مافگەلی غەیری حاکم لە خۆیدا ناکاتەوە. ڕەخنەی سیکولار لە حاکمییەتی سیاسیی ئیسلامی، شاراوە یان ئاشکرا، باسێکە لە خزمەت حاکمییەتی ناسیۆنالیستیی ئێران کە تێیدا هەویەتی ئێتنیکیی حاکم واتە فارسی قەت ناچێتە ژێر پرسیار. لە گوتاری دیموکراتیکی سیکولار لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنیدا زۆر بە دەگمەن ئاماژەیەک بە هەویەت و جیاوازیی ئێتنیکی دەبیندرێ. ئەم گوتارە بە ئاشکرایی هەویەتی فارسیی دەسەڵاتی سیاسی تەئیید دەکات و زاڵبوونی ئەم هەویەتە فارسییە بەسەر هەویەتە غەیری فارسییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا نە وەک شتێکی پرۆبلیماتیک دەبینێ و نە

پێشی وایە ئەمە هەڕەشەیەکە لە کاراکتێری دیموکراتیکی ئالتێرناتیڤی سێکولاری پێشنیارکراو. (٢٥)

پێشەنگە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێراندا بۆچوونێکی جیاواز ڕەچاودەکەن کە ئەوەش پتر سەلماندنی جێگا و شوێنی ئەم چەمکە (کۆمەڵگای مەدەنی)یە لە گوتاری ڕیفۆرمیستیی ئەواندا. ڕیفۆرمیستە ئیسلامییەکان، هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوەی حکوومەتدا، لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئاماژەکردن بە "حکوومەتی یاسا" کەلک وەردەگرن و بە باوەڕی ئەوان "حکوومەتی یاسا" و دیموکراسی بەیەکەوە هاوسنوورن. (٢٦) لێرەشدا سەربەخۆیی سازییەکانی مەدەنی لە دەوڵەتدا و ڕۆڵی ئەوان لە بەرتەسکردنەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا جەخت دەکرێنەوە. بەڵام ئەوان هەلومەرجی واتەیی گوتاری ڕیفۆرمیستیی کە پڕە لە "یاسایی بوون" و "بەرپرسیاریی" دەسەڵات، پێناسە ناکەن. سەرقاڵبوونی ڕیفۆرمیستیی ئیسلامی بەو واتە و ڕایانە نیشانەیەکە لە سروشتی ململانێی سیاسی و باڵادەستیی (hegemony) توندڕەوەکان لە دەزگای دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا. چوونکە ویستی ڕیفۆرمیستی بۆ "حکوومەتێکی یاسایی و بەرپرس" شتێک نییە جگە لە هێرشێکی شاراوەی لاواز بە تیزی ویلایەتی فەقیە وەک پرەنسیپی باڵای ڕێکخراوەی دەوڵەت و ئەو سیاسەتەی لەلایەن دژبەرە کۆنسێرڤاتیڤەکانی ئەوان نوێنەرایەتی دەکرێ. بەڵام سەرەڕای شوێنی گرنگ و بنەڕەتیی یاسا لەم باسەدا، چەمکی یاسا لە گوتاری ڕیفۆرمیستیی ئیسلامیدا بەتایبەتی لەمەڕ ڕۆڵی ئایین و دەسەڵاتی ئایینی لە پرۆسەی یاسادانانەدا، هەر بە لێڵی دەمێنێتەوە و زۆرکەم پێناسە دەکرێ. باسی ڕیفۆرمیستی لەمەڕ "حکوومەتی یاسا" بە

شێوەیەکی زۆر گشتی بەیان دەکرێ و هەربۆیەشە ناوەرۆکەکەی بە تەواوی نادیارە و بەم پێیە ستاتۆی دەسەڵاتی نایینی لە چەمکی ریفۆرمیستیی کۆمەڵگای مەدەنیدا لێڵە.

سەرەرای ئەمە، پێداگرتنی ریفۆرمیستەکان لەسەر یاسایی و بەرپرسیاربوونی دەسەڵاتی سیاسی و بەتایبەتی وەکیەک دانانی حکوومەتی یاسا و حکوومەتی بەرپرس لەگەڵ ئەزمی دیموکراتیک و حکوومەتی یاسای بنچینەیی، لەوانەیە یارمەتیمان بدات تیشکێک بخاتە سەر بابەتەکە. شیکردنەوەکانی فۆرمی سازەیی و پرۆسەگەلی سیاسی - حقوقیی حکوومەتی یاسا، کە زۆرجاران لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرج و زەمینەی گەشەکردنی مێژوویی رۆژئاوادا هەوڵی بۆ دەدرێ، نیشاندەدات کە چەمکی یاسا، لە گوتاری ریفۆرمیستیی ئیسلامیدا شتێکی سێکولار و لەسەر بنەمای سەروەری و حاکمییەتی عەقڵ دامەزراوە. ئەوە یاسای سێکولارە کە کاراکتێری دەسەڵاتی سیاسی و سنوورەکانی ئەو لە گوتاری ریفۆرمیستیدا پێناسە دەکات. پێشەنگەکانی گوتاری ریفۆرمیستی بۆ ئاماژە کردن بە سەرچاوە و سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی، بەشێوەگەلی تەواو جیاواز، دەستە و دامانی یاسای بنچینەیی دەبن. ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی سیاسیی نۆرماتیڤدا ئەوە دەکرا بۆ کاراکتێری دیموکراتیکی گوتاری ریفۆرمیستی دەحسێب هاتبا، بەڵام ئەوە لە هەلومەرجی ئێراندا تەواو جیاوازە. ئەوەش بەر لە هەموو شتێک دەگەرێتەوە سەر تایبەتمەندیی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی.

یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی لە دوو چەمکی جیاواز و تەواو دژ

بەیەکی دەسەڵات و حاکمییەتی سیاسی پێکدێ کە هەرکامیان هەڵگری ڕاگەلی جیاوازن لەمەڕ سەرچاوە و سنوورەکانی دەسەڵاتی سیاسی: ئیلاهی و جەماوەریی - دیموکراتیک. (٢٧) ئەم جیاوازییە واتەییە نەتەنیا هەر یەکدەستیی سیاسی یاسای بنچینەیی ئێران لاواز دەکات، بەڵکوو ئەو دەکات بە مەیدانێکی تەواو ستراتیژیک بۆ بەربەرەکانی سیاسی لە باسی کۆمەڵگای مەدەنیدا. واتەی ئیلاهیی حاکمییەت کە ژێرخانی تیۆری ویلایەتی فەقیه پێکدێنێ، لە ئەساسدا دان بە هیچ سنوورێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی دانانێ جگە لەوەیکە شەریعەت بۆی دیاری دەکات. هەروەها ئەو ڕێگا بە دەربڕینی هیچ چەشنە جیاوازییەکی ئێتنیکی، نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی - ئابووری نادات. موسوڵمانان لەژێر کاتێگۆرییەکی گشتیدا بەنێوی ئوممەت کۆدەبنەوە کە مانای کۆمەڵگایەکی یەکدەستە کە بە ئیمانەوە پێناسە دەکرێ. جابۆیە چەمکی ئیلاهیی حاکمییەت لەخۆیدا جێ بۆ چەمکێکی حکوومەت خۆشدەکا کە لەگەڵ کۆمەڵگا هاوسنوورە؛ ئەوەش هیچ جێگایەک بۆ چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ناهێڵێتەوە.

لەلایەکی ترەوە چەمکی جەماوەریی - دیموکراتیکی حاکمییەت هەڵگری واتەیەکی دەسەڵاتی سیاسی و هێزە کە سنوورەکانی بەپێی یاسا کە پرەنسیپی سەرەکیی مەشروعییەتی حکوومەتە، پێناسە دەکرێن. بۆیە ئەو بە ڕوونی بۆ هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی هەل دەرەخسێنێ و بە شێوەیەکی یاسایی سنوورەکانی ڕووندەکاتەوە و لەبەرامبەر کردەوەکانی ناوەندمەندکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەیپارێزێ، بەڵام بێ ئەوەیکە توانایی دانپێداهێنان یان ڕێزگرتنی لە جیاوازیی ئێتنیکی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا بە گشتی هەبێ. ئەو ناکۆکییە گەورەیە لە چەمکی جەماوەریی -

دیموکراتیکی حاکمییەتدا تاڕادەیەک بە وردە ریشاڵەوە لە بەشی پێشووی ئەو وتارەدا خستراوەتە بەر باس و لێرەدا پێویست ناکات دووپات بکرێتەوە. هەر ئەوەندە بەسە بگوترێ کە هەویەتی ئێتنیکیی دەسەڵاتی سیاسی سنوورەکانی پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیک پێناسە دەکات و بەمجۆرە هەموو جیاوازیگەلی ئێتنیکی و غەیری حاکم لە ئەو رادەماڵێ یاخود دەیانکات بە شتێکی مارجینال. هەر بەم پێیە ئێتنیسیتە و نەتەوەکانی غەیری حاکم لە هەلومەرجی سیاسی - حقوقیی هاووڵاتییەتی و هەروەها لە پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیک وەلادەندرێن.

ئەوە راستە کە بە پێچەوانەی یاسای بنچینەیی تورکیا، یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی دان بەجیاوازی ئێتنیک دادەنێ. ئێران وەک کۆمەڵگایەکی فرە کولتووری و فرە ئێتنیکی دەژمێردرێ و ئەو تێڕوانینە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بەشەکانی پێوەندیداری یاسای بنچینەیی بەم بابەتەوە، رەنگدەداتەوە. بەڵام باوەڕ بە کەمایەتیی ئێتنیکی لە یاسای بنچینەیی ئێراندا تەواو کولتوورییە و کۆمەڵێکی کولتووریی زمان و داب ونەریت کە بە هۆی مێژوویەکی هاوبەش بەیەکەوە گرێدراون، دەستنیشان دەکات. کۆمەڵی ئێتنیکی و مێژوویەکەی "ناوچەییە" و بێبەشە لە سەربەخۆیی گوتاریی و سیاسی. ئەم شتانە واتە سەربەخۆیی گوتاریی و سیاسی لە یاسای بنچینەییدا تەنیا تایبەتن بە ئێتنیسیتەی حاکم واتە ئێتنیسیتەی فارس. بۆیە، ئەگەرچی هەویەتە ئێتنیکییەکان لەباری یاسای بنچینەییەوە دانیان پێدادەندرێ، بەڵام ئەوان تەواو ناوچەیی دەمێننەوە و پێوەندییە سیاسی - حقوقییەکان هیچ رۆڵێک لە پێناسەکردنی سنوورەکانی ئەواندا ناگێڕن. چەمکی کەمایەتیی ئێتنیکی لە یاسای بنچینەیی ئێراندا تەواو کولتوورییە،

هیچ هەویەتێکی سیاسی - حقوقی نییە، خاوەن و هەڵگری هیچ چەشنە مافێکی سیاسی لەبەرامبەر ئەوی حاکمدا کە ئامراز و هەلومەرجی دەستراگەیشتن بە پرۆسەی سیاسیی یاسای بنچینەیی و بەشداریکردن لەمدا پێناسە دەکات، نییە. لە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامیدا هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی یەکدەست و ئێتنیکییە؛ ئەوە ئێتنیسیتەی فارسە کە هەویەتی حاکم، هەلومەرجی هاوولاتیتی و هەر بەم پێیەش سنوورەکانی دەولەت و کۆمەڵگای مەدەنی دیاری دەکات.

هەویەتی یەکدەستی ئێتنیکی هاوولاتی و حاکم لە یاسا بنچینەییەکانی تورکیای کەمالستیی و ئێرانی ئیسلامیدا، ئەگەرچی بەشێوەی جیاواز واتە دەکرێتەوە و خاوەنی کردەوە و پرۆسەگەلی سیاسی و گوتاریی جیاوازە، بەڵام کارکردێکی گرنگی هەیە بۆ تایبەتمەندیی دیموکراتیکی ئەو یاسەی کە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە ئارا دایە. ئەو هەویەتە ئێتنیکییە یەکدەستە بەر لە هەمووشتێک نیشاندەدا ئێتنیسیتەگەلی حاکمی تورک و فارس کە هەلومەرجی هاوولاتیتی و بەشداریی کولتووریی و سیاسی پێناسە دەکەن لە هەمانکاتدا سنوورە ئێتنیکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییش لەم حکوومەتانەدا دیاری دەکەن. بەکردنی ئەم کارە ئەوان واتا ئێتنیسیتەگەلی فارس و تورک، وەک ڕێگرێکی ئێتنیکی لەمەڕ کردەوە و پرۆسەگەلی مەدەنی هەڵسوکەوت دەکەن و بەمجۆرە جیاوازییە ئێتنیکیەکانی غەیری حاکم لە سنوورەکانی سیاسی - حقوقیی کۆمەڵگای مەدەنی وەلادەنێن. هەبوونی کۆمەڵگا و هەویەتگەلی ئێتنیکی غەیری حاکم لە کۆمەڵگای مەدەنیدا یان بەتەواوی حاشای لێدەکرێ، وەک نموونەی تورکیا، یان تەنیا وەک دیاردەی کولتووری دانیان پێدادەنرێ، وەک نموونەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە هەردوو

نموونەدا ئەوان، واتە هەویەتە ئێتنیکییەکانی غەیری حاکم، هەبوونێکی غەیری مەدەنییان هەیە و لە دەرەوەی سنوورگەلی سیاسی - حقوقیی کۆمەڵگای مەدەنیدا، لە کێش و فەزایەکی سیاسی و بەدەر لە یاسای بنچینەیی دەمیننەوە و بەهۆی هێزەوە سەقامگیر دەکرێن.

ئەم گەشتە بەنێو ئەو باسانەی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و تورکیادا لە ئارادان، راستییە ساکارەکەی باسی تیئۆریکی پێشوو لە باری کارتێکەرییە وەپاشخەرەکانی چەمکی حاکمییەت لەسەر پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیزەکردن لە دەوڵەتی مۆدێرندا، بەروونی نیشاندەدا. وەلانانی هەویەتی غەیری حاکم و مافگەلی کولتووری و سیاسیی پێوەندیدار بە ئەوەوە، نیشانگەلی ئاشکران لە زاڵبوونی گوتاری حاکمییەت بەسەر ئەو باسانەدا. ئەمەش گوتاری سیاسیی باڵادەستە لە تورکیا و ئێراندا لە کاتی سازبوونی دەوڵەتی مۆدێرن بەملاوە. ئەم گوتارە لەسەر هاورِایی بەشدارانی کۆنسێرڤاتیڤ و ریفۆرمیست کە خۆدەپارێزن لەوەیکە هەویەتی ئێتنیکیی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا بەرنە ژێر پرسیار، هەر درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. ئەم هاودەنگییە کە لە باشترین حاڵەتدا دەگاتە بێدەنگی و لە خراپترین حاڵەتیشدا دەگاتە ئاستی حاشالێکردنی هەویەتی غەیری حاکم و مافە دیموکراتیک و مەدەنییەکانیان، شتێکی دژی دیموکراتیکە. ئەوە بە توندی سروشتی رادیکاڵ و تایبەتمەندیی دیموکراتیکی باسەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و تورکیادا لاواز دەکات. هێزە سیاسییەکانی دیموکراتیک و مەدەنی لە ئێران و تورکیادا دەبێ سنوورەکانی سیاسی - حقوقیی باسەکە دووبارە پێناسە بکەنەوە، واتا ئەوان دەبێ واز لە وەسواسی مۆدێرنی خۆیان لەمەر گوتاری پێش مۆدێرنی حاکمییەت بهێنن.

## دەرئەنجامەکان

ئەم باسە پێشنیار دەکات کە گوتارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەکردن لە تورکیا و ئێراندا دەبێ لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی دیموکراتیک و بۆ گۆڕانی هەویەتی ئێتنیکی دەسەڵاتی سیاسی دابمەزرێن، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی ماف و هەویەتی غەیری حاکم لە پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەستەبەر بکرێ. ئەمە ئەرکێکی پێویستە ئەگەر قەرارە کۆمەڵگای مەدەنی نوێنەرایەتیی جیاوازی و دژبەری بکات و توانایی ئەدانی پرۆسەی دیموکراتیکی هەبێ و بەشداری و بەرپرسیاریی جەماوەر دەستەبەر بکات. بەڵام گەڕان بەشوێن گۆڕینی هەویەتی دەسەڵاتی سیاسی هەروەها خاڵی ناوەندییە لە ڕێگاچارەی پێشنیارکراو بۆ پرسی کورد لە تورکیا و ئێراندا. لە هەردوو بابەتدا گەڵاڵەی تیئۆریک ئاکامی ڕەخنەیەکی رادیکاڵە لە چەمکی حاکمییەت و هەروەها داخوازی بۆ ڕیفۆرمێکی رادیکاڵ لە یاسای بنچینەییدا و دەبێ بناغەی ئێتنیکیی هەلومەرجی هاووڵاتیێتی وەلابندرێ. ئەم بنەما تیئۆریکە هاوبەشە بەشێوەیەکی لێکجیانەبووە پرسی کورد لە گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی لە تورکیا و ئێراندا گرێدەدا. ئەم بنەمایە هەروەها ئاماژە بە ڕەوتێکی سیاسی هاوبەش دەکات کە دەبێ دانی پێدا بندرێ و ڕێزی لێبگیرێت.

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا و بەدوای شکستە یەک لە دوای یەکەکانی پلانەکانی خودموختاری، کەسانێکی زۆرن کە ئامادەن ئەم ڕەوتە هاوبەشە پەسند بکەن و ڕێزی گرنگیی سیاسی ئەو بگرن، بەڵام تەنیا کەسانێکی کەم

هەن کە بخوازن بە ئاشکرایی پشتیوانی لێبکەن. بۆ زۆر کەس کە بەدڵ هۆگری ڕێگاچارەی سیاسی پێشنیارکراون، بنەمای تیئوریکی گەڵاڵەکە دروستە، بەڵام یەکجار زۆر غەیری عەمەلییە. بەڵگەی ئەم کەسانە بۆ ئەو مەبەستە مرۆڤ نارەحەت، بەڵام لەهەمانکاتدا قانع دەکات: وێناچێ کە ئەو چوار دەوڵەتە حاکمەی کە بەسەر کوردستانی دابەشکراودا حوکم دەکەن بیانهەوێ یان بوێرن کە هەویەتی کوردی لە هەلومەرجی حاکمییەتی سیاسی جیاکەنەوە، بەلانی کەمەوە تا زەمانێک کە گوتارگەلی باو و ڕەسمیی دەوڵەتی/ ناسیۆنالیستی ئەو وڵاتانە و ڕێکخراوە "نەتەوەییەکانی" پێویستیان لە ئارادا بن. چونکە کەمالیسم، خومەینیسم و بەعسیسم، سەرەڕای جیاوازییە بنەڕەتییەکانیان، هەموویان لەسەر حاشالێکردنی هەویەتی نەتەوەیی کوردی وەک پێداویستییەک بۆ حاکمییەتی نەتەوەیی خۆیان، پێ دادەگرن. ئەم بۆچوونە بەشێکە لە ناوەڕۆکی تێگەیشتنی ئەم دەوڵەتانە لە خۆیان وەک دەوڵەتانی حاکم و سەربەخۆ. ڕیشەی ئەم بۆچوونە بێمتمانەیی، ترس و پارانۆیایەکە کە هەتا ئێستا بووەتە پشتیوانی زەبروزەنگی سیاسی دژی کوردان وەرتکردنەوەی ویستی ئەوان بۆ ڕێگاچارەیەکی سیاسی. بەڵام ئالترناتیڤی باو بۆ دانپێداهێنان بە هەویەتی نەتەوەیی کوردی، ئەگەر وای دابنێین کە ئالترناتیڤێکی وا لە ئارادا هەیە، کەمتر خەیاڵی نییە. ڕێگاچارەی سەربازیی کە بە بەربڵاوی لەلایەن ئەم دەوڵەتانە بەکار هێنراوە شتێکی غەیری مەنتیقی و پڕ خەتەرە. وێناچێ ڕێگاچارەی سەربازی "حاکمییەتی نەتەوەیی" ئەوان دەستەبەر بکات، بەتایبەتی لە زەمەنێکدا کە پرۆسەی دیموکراتیک و کۆمەڵگای مەدەنی لە بەستێن و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەواندا هێشتا لاواز و گەشەنەکردوون.

# پەراوێزەکان

١- بەشی هەرە زۆری ئەو خاکەی کە بەناوی کوردستانەوە ناسراوە، تا ساڵی ١٥١٤ لە لایەن ئەو ڕژێمانەوە بەڕێوە دەچوو کە یەک لە دوای یەک حوکمڕانی ئێرانیان دەکرد. ئەم بارودۆخە بە لایەنی کەمەوە لە سەردەمی ئەیوبییەکانەوە، واتە لە سەدەی (١٠) ی زایینییەوە بەمجۆرە بووە. کاتێ خاکەکە بەو ناوەی ئێستایەوە ئاماژەی بۆ کراوە مەرزە جوگرافیەکەی لەناو چوارچێوەی سنوری ئەو وڵاتانەدا کە هەردەم لە گۆڕاندا بوون دیاریکرابوو. لە ساڵی ١٥١٤ دا دەوڵەتی تازە دروستبووی سەفەوی بەشێکی گەورەی خاکی کوردانی دۆڕاند و کەوتە ژێر دەستی دراوسێ بەهێزەکەیەوە کە دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەم دابەشبوونە کەلە پەیماننامەی زەهاب لە ساڵی ١٦٣٩ دا دڵنیایی کرایە سەر بەمجۆرە مایەوە تا هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ دا. لەو ماوەیەدا ئەو بەشەی کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو لە لایەن میرنشینە کوردییە نیمچە سەربەخۆکانەوە حوکمڕانی دەکران کە ئەوانیش ڕاستەوخۆ لە ئەستەنبوڵەوە فەرمانڕەوایی دەکران.

ئەو میرنشینە کوردیانە لە دوایدا بوونە قوربانی پرۆسە و پەیڕەوی سینترالیزمی خاکنامیز (territorial) کە لە دوای سەرهەڵدانی مۆدێرنیزاسیۆنی بەڕێوەچوو لە لایەن دەوڵەتەوە پەیدابوو و لە ریفۆرمی تەنزیماتی ساڵی ١٨٣٧ دا بەرجەستەتە بوو. لە کۆتایی ساڵانی ١٨٧٠ دا دوا میرنشینی کوردی بووە نێچیری سینترالیزمی عوسمانی و دەوڵەتی

عوسمانی دەسەڵاتی تەواوی سەپاندە سەر ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بوو. بەهەمان شێوە، لە ئێرانیش میرنشینە کوردیە نیمچە سەربەخۆکان کە نزیکەی بۆ ماوەی چوار سەدە ستروکتورێکی سەربازی و پوولدارییان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سەختی پەراوێزنامێزدا پاراستبوو، بوونە قوربانی ناڵەباریی بارودۆخی ناوخۆی ئێران و فشاری پتەوی دەرەوە کە لە لایەن دەوڵەتی قاجاری لاواز و بێدارایییەوە خرابووە سەری. وا پێدەچێ لەناوچوونی میرنشینە کوردیەکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و قاجارەوە هەمان کاریگەریی لەسەر ستروکتوری سیاسی و ئیداریی کوردستانی پێش ساڵی ١٩١٨ دا هەبوو: لە هەردوو حاڵەتدا دەسەڵاتی سەردارانی ئایینی شوێنی بە دەسەڵاتی میرە کوردییەکان چۆڵ کرد. ئەو سەردارە ئایینییانە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ تەریقەتە سۆفییەکان و بنەماڵە عەشایری و دەرەبەگییەکاندا هەبوو و ڕۆڵێکی کاریگەریشیان هەبوو بۆ ماوەی دەیەها ساڵ لەسەر پێکهاتەی ستروکتوریی بزووتنەوە کوردییەکانی کە دواتر لەدایکبوون. (بۆ نموونە: بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا کە لە ساڵی ١٨٨٠-١٨٨٢دا سەریهەڵدا). لە ساڵی ١٩١٨ ـەوە و دوای دابەشکردنی خاکی عوسمانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا و لکانی بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتە تازە دروستبووەکانی سوریا و عێراقەوە، شێخ و ئاغاکان بەردەوام بوون لە سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر بزووتنەوە کوردییەکاندا - ڕاپەڕینی شێخ سەعید (١٩٢٥) و شێخ ڕەزا (١٩٣٧) لە دژی دەوڵەتی کەمالی لە تورکیا و هەڵگەڕانەوەی شێخ مەحمود (١٩٢٠) و مەلا مستەفا بارزانی (ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٦٠ و ١٩٧٠ کان) دژی دەوڵەتی عێراقی، هەڵگەڕانەوەی سمکۆ (١٩٢٠) و هەروەها ئەو بزووتنەوەیەی دواتر بووە

هۆی لە دایکبوونی کۆماری مەهاباد (١٩٤٧) لە ئێران- هەموو ئەمانە دەربڕی پەیوەندیی ئایینی و دەرەبەگایەتی و عەشایرین لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوە کوردییەکانی پێش سەردەمی نوێیان. ئەو پێکهاتە تایبەتییەی بزووتنەوە کوردییەکان لە تورکیا و ئێران لە ساڵانی ١٩٧٠ ـەوە گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ئەمەش بە زۆری لەبەر هۆکاری پەرەسەندنی شار و پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و بووژانەوەی چینی ناوەڕاستی مۆدێرن لەگەڵ کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای عیلمانی (سێکیولەر) بە تایبەتی مارکسی-لینینی: سەرهەڵدانی پارتی کارگەرانی کوردستان (پکک)، پارتی سۆشیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەل (هدپ) لە تورکیا، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرکردایەتییەکی سۆشیالیست لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێکهاتنی کۆمەڵەیەکی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کوردستانی ئێراندا، بەڵگەی ئەو گۆڕانکارییانەن. لە کوردستانی عێراقدا، بە پێچەوانەوە، دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە لە زۆربەی خەڵکی شار و سەر بە لایەنی سۆشیالیست پێکهاتبوو لە ساڵانی ١٩٦٠ ـەوە نەیتوانی شوێن بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق چۆڵ بکات یا کۆتایی بە دەسەڵات و پێکهاتە ترادیسیۆنالیەکەی بهێنێ کە پابەندی پشتگیری و پەیوەندییە عەشایری و دینیەکانن و بە توندی بەرامبەر بە کاریگەریی گۆڕانە دەرەکیەکان دەوەستن.

مێژووی گشتی دەربارەی کورد و کوردستان کەمە، چ بە زمانانی ئەورووپایی چ بە زمانانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ زانیاری دەربارەی مێژووی سیاسیی مۆدێرنی کوردی کە زۆربەیان وەسفین، بڕوانە:

Jwaideh, W. <u>The Kurdish Nationalist Movement: its origins and Development</u>, Ph.D dissertation, Syracuse University, 1960.
Mcdowall, D. <u>A Modern History of the Kurds</u>, I.B. Tauris, London, 1996.

٢- نوێخوازیی یا مۆدێرنیتی چەمکێکی ئەندێشاویە - سەرەڕای بەکارهێنانی لەناو ئاخاوتنی نوێی پۆست-لیبێرال و پۆست-مارکسیەکاندا، تا ئێستا بە غامزی ماوەتەوە. هۆی ئەم غامزیەش بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی ئەم چەمکە بە بنچینە فەلسەفیەکانی پۆست-ستروکترالیزم و پۆست-مۆدێرنیزم کە هەمەچەشن و هەمەجۆرن. ئەم چەمکانە کۆمەڵێ مەفهومی جیاجیای مۆدێرنیتی لەبەرچاو دەگرن و پێشنیاری دەکەن کە بەهۆی گەشەسەندنی رەخنەیان بۆ بارودۆخی دروستبوونی "سوبژە" (subject) و "سەبژێکتیڤیتی" (subjectivity) لە ئاخاوتنی سیاسی و فەلسەفی رۆژئاواییدا پێکهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رێنێسانس. ئەم بارودۆخانە هەمەجۆرن بەڵام لە زۆر رووەوە بە هۆی سەرکەوتنی "عەقل" و پەیوەندییە جەوهەرییەکەی بە "ئازادی" و پێشکەوتنەوە لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت و کولتوردا، دیاریکراون. پەیوەندیی نێوان عەقل و ئازادی پێشفەڕزیەکی تیۆریی سەرەکی بوو لە ئاخاوتنی مۆدێرنیتیدا، بەتایبەتی لە سەردەمی رۆشناییەوە کاتێ بە توندی بە ئایدیای پێشکەوتنەوە گرێدرابوو. بەمجۆرە چەمکەکانی ئێستای مۆدێرنیتی، سەرەڕای هەمەجۆریان، خاسیەتێکی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەموویان مانای سەرداریيەتی عەقل دەگەیەنن لە ئاخاوتن و پراکتیکدا،

هەروەها تەئکید دەکەنە سەر پەیوەندیی ناوەکیان لەگەڵ ئازادی و پێشکەوتن لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت و کولتووردا. بەم شێوەیە هاوتاکردنی رەخنەیی مۆدێرنیتی لەگەڵ مۆدێرنیزم وەکو ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژیەتی مۆدێرنیزاسیۆنێکی یەکانگیر، ئازادی و پێشکەوتن دابین دەکات. رەخنەی نوێی مۆدێرنیتی ئەم پێشنیارە تیۆرییە سەرەکییە بەرپەرچ دەداتەوە. گفتوگۆی هەمەجۆر کراوە دەربارەی ئەوەی کە عەقڵ نەیتوانیوە ئازادی دابین بکات و هەروەها نەبۆتە هۆی بنچینەیەکی واقیعی یا هۆکارێک بۆ مۆدێرنیزاسیۆن کە بە زۆری لە لایەن ئاژانسە ئابووری و سیاسییەکانەوە بەرجەستە کراوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەروەریی و ئازادیی مرۆڤ. مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان لەسەردەمی رۆشناییەوە بە بەردەوامی ئەم فەشەلەی نواندووە. هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە بە روونی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکانگیرییەکی پتەو لە ستروکتوری چەمکنامێزی ئاخاوتنی سیاسی و فەلسەفی تایبەت بە مۆدێرنیتی، بەڵام نابێ موبالەغە لە بەها رەخنەییەکەیدا بکرێ. ئەمە گیروگرفتی تیۆریی زۆرتر دەنێتەوە وەک لەوەی چارسەر بدۆزێتەوە. ئەوەی لێرە مەبەستمانە بە چەمککردنی پەیوەندییەکانە لە نێوان ئاخاوتن و پراکتیکی مۆدێرنیتی لە گوتاری پۆست-مۆدێرندا، ئەمەش بە شێوەیەکی نەگۆڕ دەمانگەیەنێتە تێکەڵبوونی مۆدێرنیتی لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی مۆدێرنیزاسیۆن لە رۆژئاوادا. ئەو مەویەتە لەبەرچاوگیراوەی "چەمک" لەگەڵ "واقیع" بە توندی رەگی لە جەوهەرگەراییدا(essentialism) داکوتاوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە رۆژئاوای مۆدێرن تەنها مۆڵگەی عەقڵ و ئاخاوتن و پراکتیکی عەقلانی نیە، بەڵکو هاوتایە پێیان، سەرەرای کۆنتێکستی فەشەلی ئەزموونی مێژوویی. بەم شێوەیە فەشەلی رۆژئاوا

فەشەلی عەقل دەگەیەنێ. پەیڕەویی ئەم پێشنیارە جەوهەرییە بۆ کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕوونە: ئەمانە دەکەونە دەرەوەی بوارەکانی عەقل و بە ئەزموونێکی کێشەئامێزدا ڕەت دەبن لە دەرەوەی مۆدێرنیتیدا. ئەم پێشنیارە جەوهەرییە بە ئاسانی ناگونجێ لەگەڵ شەپۆلی ناجەوهەریی کە پەیوەستە بە ڕەخنەی پۆست-مۆدێرن و بەرپەرچدانەوەی ڕاگەیاندنە گەردوونییەکانی مۆدێرنیتی. چەمکی مۆدێرنیتی کە پەیوەستە بەم بابەتەوە جیاوازە. ئەم چەمکە لێرە پێکهاتنی جینیۆلۆجیانەی (discursive formation) میشێل فوکۆ دەگەیەنێ، واتە ئاخاوتنێکی تایبەت و هەلومەرجی ناجینیۆلۆجیانەی بوون. لەو حالەتەدا، ئەمە ئاخاوتنی لەمەڕ "عەقل" و هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و کولتوریی ئیحتیمالیەت دەگەیەنێ. ئیحتیمالیەتی مۆدێرنیتی بە ستراتیژیەتەکانی دەسەڵات دیاریکراوە کە بەهەمان شێوەش لە کۆمەڵگای مۆدێرندا "سوبژە" بنیاتدەنێن. ئالێرەدایە کە هەلومەرجی مۆدێرنیتی و هەلومەرجی بنیاتنانی سوبژە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا یەکدەگرنەوە: هەردووکیان پێویستیان بە پایەداریی عەقل هەیە لەو پراکتیز و پرۆسە کۆمەڵایەتیانەی کە بە ستراتیژیەتی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگا دێنە بەرهەم و بەڕێوە دەچن. ئەمە واتە، عەقل و دەسەڵات مۆڵگە و تۆخمی تایبەتیان نیە و ناشتوانرێ چەمکە گشتییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، دەرەکی و هی تر، لە هەلومەرجی درکاندنی لەناو کۆمەڵگا وەدەربنرێ. بەهەمان شێوە پەیوەندی لە نێوان عەقل و ئازادیش بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی بنیاتنانی سوبژەوە کە بە ستراتیژیەتەکانی دەسەڵات و جۆرەکانی مقاوەمەتکردن بەرامبەریان دیاریکراوە. کە ئەمە مۆدێرنیتی بێ، ناتوانرێ بە شێوازێکی مێژوویی مارکسی یا ڤیبەر-یانە هاوتا بکرێ بە هیچ کام لە سیما تایبەتییەکانی

کۆمەڵگای مۆدێرن - جا سەرمایەداری بێ لە فۆرمی ئابووری، عەقلانی بێ یا نەتەوە-دەوڵەت- هەروەها ناتوانرێ بگونجێنرێ لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی مۆدێرنیزاسیۆن لە هیچ کۆمەڵگایەکی تایبەتدا. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ستراتیژیەتەکانی دەسەڵات هاوتا لەگەڵ هەلومەرج و شێوازەکانی کارکردن لە کۆمەڵگایەکەوە بە یەکێکی دیکە دەگۆڕێن. بۆ نموونە، ئایدیای مۆدێرنیتی و ئاخاوتنی تایبەت بە عەقل، زانست و تەکنۆلۆژیا، پەروەردەی عیلمانی و فەرمانی قانوونی، ئەمانە هەموویان لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە لە ڕێگای ئینتەلیجنسیای مۆدێرنەوە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگای ئێرانی و عوسمانییەوە. بەڵام پرۆسە و پراکتیزە مۆدێرنەکانی دامودەزگای نزیکەی سەدەیەک دواتر لە ڕێگای دەستووری مۆدێرنی دەوڵەتەوە سەریان هەڵداوە. دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیا و ئێران- دواتریش لە عێراق و سووریادا- بوو بە نوێنەرێکی دامەزراوی عەقل و هۆکاری مۆدێرنیزاسیۆن. هەرچەندە ئاوەژووبوونێکی کەم بەرپا بوو، بەڵام دەوڵەت بوو بەهۆی بەرهەمهێنانی هەندێ کاریگەریی تایبەت کە خاسیەتە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتی لە کۆمەڵگا دیاریدەکەن. ئەمەش دواترلەم ووتارەدا درێژەی پێدەدرێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دوو لێکدانەوەی جیا و گرنگی مۆدێرنیتی:

Taylor, C. Sources of the Self: The Making of the Modern Identity, Cambridge University Press, 1992.
Touraine, A. Criticism of Modernity, Blackwell, 1997.

٢- ئەو دەوڵەتە نوێیانەی کە لەسەر وێرانیی تورکیا و ئێران هاوتا لەگەڵ ئەوانەی کە لە لایەن هێزە کۆلۆنیالەکانەوە لە عێراق و سووریا دروست

بوون بە تەواوی لە پێکهاتەیاندا جیاواز بوون. پێشکەوتنی ستروکتورالی ئەو دەوڵەتانە جیاواز بوو و دواتریش کاریگەرییەکی جیای هەبوو لەسەر پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کولتوریی ئەو بەشانەی کوردستان کە لەژێر قەڵەمڕەوییاندا بوو. دەکرێ ئەم جیاوازییە گەورەیە بە هۆی پێشکەوتن و ڕەفتاری سیاسیی دژبەیەکی چینی مولکدار (دەرەبەگ) لە تورکیا و ئێراندا لێکبدرێتەوە. لە تورکیا ئینکاریکردنی تەواوی کورد و هەویەتی کوردی لەژێر قەڵەمڕەویی سیاسەتی کەمال و هەروەها توندوتیژیی تورکیا لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوە کوردییەکان، تەنها نەبوو بە هۆی ڕەشکردنەوەی زمان و کولتوری کوردی، بەڵکو بووە هۆی لەناوبردنی سیاسی و کولتوریی چینی دەرەبەگی کوردی کە لە مافی سیاسیی نوێنەرایەتیکردنی ئێتنیکی بێبەش بوو، بە عەشایری و ناعەشایرییەوە. لە ساڵی ١٩٤٨دا کاتێ سیستەمی فرەحیزبی هاتە کایەوە کە ئەویش تەنها پرۆسەی سیاسیی سەر بە ئێتنیکی دەگرتە خۆی، کورد ئەوکاتیش مافی نوێنەرایەتیکردنی نەبوو. لەوکاتەوە کوردستان بوو بە بازاڕێک بۆ حیزبە تورکییەکان تا دەنگی کوردی ڕابکێشن لەسەر حسابی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییان. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بەربەرەکانی و پێشبڕکێی سیاسیی لە مەیانی چینی دەرەبەگی کوردی لە چوارچێوەی جۆرێکی نوێ لە کلیەنتالیزم (بەکرێگیراویەتی). ئەمە بووە هۆی دروستبوونی کلیەنتالیزم لە سیاسەتی پەرلەمانتاریی تورکیدا لە کوردستان پێش ئەوەی گەشەسەندنی پێکک لەناوی ببات.

لە ئێراندا بە پێچەوانەوە، سیاسەتی سێنترالیزمی زەوی و زار کە لە

لایەن رەزا شاوە پەیرەوکرا، بوو بە هۆی نەهێشتنی عەشایریەت، ئەمەش بە تەواوی رێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی سالی ١٩٣٠ی لاواز کرد. دەسەلاتی کاتیی و لەناکاو و پێشبڕکێی هێزە سیاسییە عەشایرییە کوردییەکان لە سالی ١٩٤١ دا بوو بە هۆی سەرهەلدانی کۆماری کوردی و هەروەها هۆی لەناوبردنیشی لە سالی ١٩٤٧دا. لە دە سالی پاش ئەوەدا، چینی دەرەبەگی کوردی، بەتایبەتی سەرکردایەتیە عەشایرییەکان چوونە ریزی هێزی لەقیوی پێکهاتەی ئێرانەوە. کاریگەریی سێنترالیزمی رەهای دەسەلات لە ئێران هەروەها نەبوونی فرەحیزبی (پلورالیزم) لە پرۆسەی سیاسیدا، بوونە هۆی دروست نەبوونی سیستەمی کلیەنتالیزم لە کوردستان. پەیرەوکردنی ریفۆرمی زەوی و زار لە سالانی ١٩٦٠ دا نەک هەر تەنها کۆتایی بە بنەمای ئابووریی چینی دەرەبەگی کوردی هێنا، بەلکو کۆتایی بە دەسەلاتی سیاسیشیان هێنا لە دەرەوەی شارەکاندا. لە دوای گەشەسەندنی سیاسەتی ناسیۆنالی کە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ روویدا، جگە لە هەندێ حالەتی تایبەت نەبێ، چینی دەرەبەگ رۆلێکی کەمی هەبوو لە سیاسەتی ناسیۆنالی و هەروەها لەناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا. بۆ لێدوانی زیاتر دەربارەی لایەنە هەمەجۆرەکانی پێشکەوتنی ستروکتورالی لەناو کۆمەلگەی کوردیدا لە تورکیا و ئێران، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

Van Bruinesson, M. Agha, Shaikh and State: The Social & Political Structures of Kurdistan, Zed Press, London, 1992.
Olson, R. (ed): The Kurdish Nationalist Movement in Turkey in the 1990's, Kentucky University Press, 1996.
Barkey, H. J. and Fuller, G. Turkey's Kurdish Question, Rowman & Littlefield, New York, 1998.

Vali, A. 'The Making of Kurdish Identity in Iran' in Critique, Vol.3, no 7, Fall 1995.
Vali, A. 'Kurdish Nationalism in Iran: The Formative Period, 1942-47' in The Journal of Kurdish Studies, Vol. II, no. 2. 1997.
Mcdowall op.cit. 1996.

بۆ لێکدوانی دوور و درێژ دەربارەی سیاسەتی زمانەوانی و کولتووریی ئەو دەوڵەتە جۆراوجۆرانە لە کوردستان، بڕوانە:

Hassanpour, A. Nationalism and Language in Kurdistan, Mellon University Press, San Francisco 1994.

٤- ئەم خاڵە لە لایەن زۆرکەس روونکراوەتەوە، لەوانە (Calhoun) و (McCrone) کە هەردووکیان باس لە مێژووی مۆدێرنی ئەورووپی دەکەن.

بڕوانە:

Calhoun, G. 'Nationalism and Civil Society' in a volume edited by himself, Social Theory and Identity, Blackwell, Oxford, 1994.
McCrone, D. The Sociology of Nationalism, Macmillan, London, 1998.

٥- میرنشینە کوردییەکان یەکەی نیمچە سەربەخۆ بوون لە رووی دەستووری و سیاسییەوە لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا. دەربارەی ستاتوی ئەو میرنشینانە پێش سەدەی شانزە، زۆر کەم دەزانرێ. کاتێ کێشەی سەربازی لە نێوان دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەفەویدا سەریهەڵدا و کوردستان دابەشکرا، میرنشینە کوردییەکان کەوتنە سەر شانۆی سیاسەتی ناوچەیی. واپێدەچێ میرنشینە کوردییەکان

بە رەسمی دانیان پیاهێنرابێ لەژێر رکێفی باڵای عوسمانی و ئێرانی سەرداریاندا و لە خوتبەی رۆژانی هەینیدا کە بەناوی مەلیکی فەرمانڕەوا دەخوێنرایەوە ناویان دەهێنرا. لە پراکتیکدا، پەیوەندیی ئەو میرنشینانە لەگەڵ سەردارەکانیان بە ستروکتورێکی کلیەنتالیزمانە بەسترابووەوە کە هەندێ جار بە سەردانەواندنی دەرەبەگانە دەچوو. هاوتابوون لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندیەدا بە شێوەیەکی فراوان پابەند بوو بە دەسەڵاتی سەربازی و سیاسیی دەوڵەتەکانی عوسمانی و ئێرانیەوە بە بەستنەوە بە رەفتاری سێنترالیان کە ئەمانیش بەشێوەیەکی پێچەوانەتر سنوری سیاسی و ئیداریی میرنشینە کوردییەکانی دیاریدەکرد. بۆیە سروشتی سیاسەتەکەیان بەرامبەر بەم دوو دەولەتە دژەکاری ئەوان بوو. تەرازووی هێز لە سەردەمی سێنترالیزمی تەواو یا ناسێنترالیدا، یەکسەر بەرەو تەقینەوەی سەربازی دەچوو. بۆ روونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ستروکتور و سیستەمی رێکخستنی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی جیاجیای بەرێوەچوونیاندا، بروانە:

Van Bruinesson op. cit. 1992.

Hassanpour op.cit. 1994.

Rich, C. J. Narrative of a residence in Koordistan, 2 Vols. Cape, London, 1836.

٦- ساڵانی رابردوو شاهیدی تەقینەوەیەکن لە گوتاری لەمەڕ هەویەتدا. هۆی سەرەکیی ئەم تەقینەوەیە دەگەڕێتەوە سەر هۆگری بۆ بەرهەمەکانی فیلەسووفانی دوا بناغەگەری، بە تایبەتی ژاک دێریدا، و تایبەتمەندییە پۆست مۆدێرنیستییەکانیان. بەڵام سەرەڕای مۆدی ئاکادیمیک نووسراوەی

تیئۆریکیی جیددی لەسەر ئەم بابەتە زۆر کەمە. بڕوانە:

Derrida, J. Of Grammatology, Johns Hopkins University Press, Baltimore, 1970.
Derrida, J. Writing and Difference, London, 1976.
Laclau, E. (ed.), The Making of Modern Political Identities, Verso, London, 1994.
Laclau, E. (ed.) Emancipations, Verso, London, 1997.
Connoly, W. E. Identity and Difference: Democratic Negotiation of a Political Paradox, Cornell University Press, 1991.
Bennington, G., Negotiations, Verso, London, 1995.

هەواڵ ئەمین کبر

٧- تایبەتمەندییەکی هاوبەشی بزووتنەوە سیاسییەکانی مۆدێرن جیاوازییەکە لە نێوان گوتار و کردەوەدا. تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆزترە. ئەوە تەنیا جیاوازیی نییە بەڵکوو لە ئارادانەبوونی کردەوەی سیاسیی ناسیۆنالیستییە. گوتاری ناسیۆنالیستی لە هۆگریی جەماوەر کەڵک وەردەگرێ، بەڵام لە هەبوونی سیاسیی جەماوەر واتا ئامراز و هەلومەرجەکانی وەرگێڕانی بۆ کردەوەی سیاسی، بێ بەرییە. ناسیۆنالیزمی کورد پتر ئیدەیەکی سیاسیی جەماوەرییە نەک ئایدۆلۆژییەکی سیاسی بەرفراوان. بەڵام ئەم جیاوازییە سەرەکییە ناکرێ تەنیا بگێڕدرێتەوە سەر نەبوونی هێزێکی کاریگەری هاندەر لە کوردستاندا؛ ئەوە بارتەقای ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەیە کە لە نێوان سەربەخۆیی و خودموختاریدا هەیە کە بە قووڵی لە ناو هەلومەرجی بناغەیی ناسیۆنالیزمی کوردییدا ریشەی داکوتاوە. سازبوون و گەشە کردنی

پ.ک.ک شاهیدێکه بۆ ڕاستیی ئەم باسە. پ.ک.ک تەنیا ڕێکخراوەی سیاسیی مۆدێرنی بەرچاوی کوردییە کە خەباتی خۆی بە ستراتیژییەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەست پێکرد. بەڵام لە مارسی ١٩٩٣ دا بەدوای دە ساڵ سیاسەتی چالاکی نەتەوەیی، ئامانجی ستراتیژیکی خۆی گۆڕی و داوای ئافراندنی سیستمێکی سیاسیی فیدڕالی لە تورکیا کرد؛ ئەم داوایە دواتر لە نوامبری ١٩٩٨، کاتێک ڕێبەرەکەی بە شوێن دۆزینەوەی چارەیەکی سیاسی بۆ شەڕی چەکداری لەگەڵ تورکیادا هاتە ئورووپا، دابەزاندرا سەر ئاستی خودموختاری. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە لە ئامانجی ستراتیژیکی پ.ک.ک دا، وێناچێ کە کاری کردبێتە سەر گوتاری ناسیۆنالیستیی ئەم ڕێکخراوەیە. ئێستاش شانبەشانی باس بۆ چارەسەرییەکی سیاسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریی تورکیادا گوتاری ناسیۆنالیستیی بەردەوامە. ئەم پارادۆکسە شاهیدێکە نە تەنیا بۆ هەویەتێکی سیاسیی لێڵ و ناڕوون بەڵکوو بۆ بابەتی سەیر و سەرنجڕاکێشی ناسیۆنالیستانی بێ ناسیۆنالیسم کە پێنج دەیە لەمەوبەر گوتار و کردەوەی کۆماری مەهابادی پێناسە دەکرد. بۆ زانیاریی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی پ.ک.ک بڕوانە:

Barkey and Fuller op. cit. 1998; Olson op. cit. 1996.

لە بارەی گوتار و کردەوەی کۆمار بڕوانە:

Vali op. cit. 1997.

٨-ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە سەر باسی فۆکۆ لە وتاری حکومەتکردن (governmentality) دا کە زۆر ئاماژەی پێکراوە. بەڵام فۆکۆ دەکارهێنانی تیۆرتەسەلی باسەکەی خۆی لە واتەسازیی حکومەتکردن و سیاسەتی

مۆدێرندا شیناکاتەوە. هۆی ئەم شتە لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونی گرفتدار و هەڵسوکەوتی فۆکۆ لەگەڵ هێندێک لە بنەما فەلسەفییەکانی تیئۆریی سیاسیی لیبرالدا. ئەم خاڵە لەلایەن هێندێک لە رەخنەگرانی فۆکۆ و نووسراوەکانی ئەو لەسەر دەسەڵات و حکومەتکردن ئاماژەی پێکراوە. وتارەکەی فۆکۆ لە بارەی حکومەتکردندا لەم سەرچاوەیەدا هاتووە:

Burchell, G. et al. (eds), The Foucault Effect, Harvester Wheatscheaf, London, 1991.

بۆ لێکدانەوەی رەخنەییانە و رادەربڕین لەسەر وتارەکەی فۆکۆ بڕوانە:

Hindess, B. Discourses of Power from Hobbes to Foucault, Blackwell, Oxford, 1996.

Hindess, B. "Politics and Governmentality", in Economy and Society, Vol. 26, no. 2, 1977.

Gordon, C. "Govermental Rationalty", and Burchell, G. "Peculiar Interests: Civil Society and Governing the System of National Liberty", both in Burchell et al. 1991.

Barry, A. et al. (eds.): Foucault and Political Reason: Liberalism, Neo-Liberalism and Rationalities of Government, University College London Press, London, 1996.

٩ - گۆڕانی پێکهاتەی ئێتنیکی و نەژادیی کۆمەڵگاکانی ئورووپای رۆژئاوا و لە ئاکامدا گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کەوتنە قەراغ و دەرهاویشتن، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی هۆگرییەکی ئاکادیمیکی لەسەر واتەی هاووڵاتی. تیئۆرسییەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دروستی ئاماژە دەکەنە سەر

کەم و کورپیەکانی نۆرماتیڤی چەمکی هاووڵاتی لە کۆمەڵگاکانی ئورووپای ڕۆژئاوا و باکووری ئەمریکا کە ڕادەی چەند کولتووری و چەند ئێتنیکییان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە و ناتوانن وەڵامدەرەوەی دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیی دیموکراتیکی گرووپە ئێتنیکی و نەژادییەکان بن. بۆیە ئەم تیئۆرسییەنانە باس لە دووبارە پێناسەکردنەوەی هەلومەرجی هاووڵاتێتی و بەشداریی سیاسی لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکاندا دەکەن بۆ ئەوەیکە نوێنەرایەتیی "قەراغ" و " دەرهاویشتوو" لە پرۆسەی سیاسی و کولتووریدا دەستەبەر بکرێ. بەرهەمە پێداچوونەوەکانی (revisionist) ئەم دواییانە لەمەڕ هاووڵاتێتی و ئێتنیسیتەدا بە ڕوون و ئاشکرایی پرسیارگەلێکی گرنگ لەمەڕ سروشتی دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیک لە ڕۆژئاوای هاوچەرخدا دەهێنێننە ئاراوە، بەڵام لە دانەوەی وەڵامی شیاو بەم پرسیارانە سەرکەوتوونین. بەرهەمی

Will Kymlicka, <u>Multiculturla Citizenship</u>, Oxford University Press, 1977.

کە زۆر ئاماژەی پێدەکرێ لەم بارەوە نموونەیەکی بەرچاوە. بۆ "ویل کیملیکا" ڕیشەی ناتوانایی پرۆسەی دیموکراتیک لە نوێنەرایەتیکردنی جیاوازیی کولتووریی و ئێتنیکیدا لە کەموکوڕیی واتەی هاووڵاتی واتا هەلومەرج و مافگەلی وەدیهاتنی ئەم لە کۆمەڵگادایە. بەڵام ویل کیملیکا بەم کارەی ناتوانێ هاووڵاتێتی لە دەسەڵاتداریی سیاسی و کاریگەرییە بەرتەسکەکانی لەسەر پرۆسەی سیاسیی دیموکراتیکدا گرێ بدات و لە ئاکامدا باس لە گۆڕینی هەلومەرجی هاووڵاتێتی بەبێ گۆڕانکاری لە هەویەتی "ئێتنیکی" ی سەروەری و هەویەتی دەسەڵاتی سیاسیدا دەکات. ئەو گوتاری مافگەلە کە کیملیکا لە چوارچێوەی ئەمدا پرسیار و وەڵامەکانی ئاراستە دەکات بە

گوتاری سەروەری و دەسەڵاتداری پێناسە دەکرێ کە هیچ جێگایەک بۆ ئەو هەویەتانەی کە لە دەسەڵاتدا نین ناهێڵێتەوە. لەم گوتارەدا "قەراغ" و "دەرهاویشتوو" و بندەوڵەتەکان بێ نوێنەرایەتی دەمێننەوە و توانایی نوێنەرایەتیکردنیان نابێ. تیئۆریی سیاسی ئەگەر قەرارە نوێنەرایەتیی ئەوانەی کە نوێنەرایەتی ناکرێن بکات، دەبێ چوارچێوەی تەسکی ئێتنیکیی گوتاری سەروەری و دەسەڵاتداریی بشکێنێ.

١٠-ئەم رایە بە هیچ لەونێک نوێ نییە و لە سەردەمی وتارەکەی رێنان "نەتەوە چییە؟" وە لە ئارادا بووە. وەرگێڕانێکی نوێی ئینگلیسی ئەم وتارە لە
Bhabha, H. (ed.), Nations and Narrations, Routledge, London, 1988.
دا بڵاوبووەتەوە. ئەم وتارە لە ماوەی ساڵانی دوایییدا بووەتە هەوێنی جەستەی ئەدەبییاتێک کە تەرخانە بە لێکۆڵینەوە لەسەر بۆچوونی سازکردن (constructionist) ی واتەگەلی نەتەوە و ناسیۆنالیسم کە بە باشترین شێوە لە بەرهەمەکانی ئێرنێست گێلنێر
Nation and Nationalism, Cambridge University Press, 1988.
و بێنێدیکت ئاندێرسۆن
Imagined Communities, Verso, London, 1983.
دا رەنگی داوەتەوە. بۆ باسێکی رەخنەیانەی ئەم رایە و هەڵسەنگاندنێکی تیئۆریکی واتەگەلی سازکردنەوەی نەتەوە و ناسیۆنالیسم، گرنگیی مێتۆدۆلۆژیک و سیاسیی ئەم باسە و کەموکوڕی و هەڵەکانی ئەم بڕوانە وتارەکەی من بە ناوی
"Nationalism and Kurdish Historical Writing", in New Perspective On Turkey, no. 14, Spring 1996.

١١-ئەوە شتێکی بە گشتی پەسندکراوە کە واتەی هاوڵاتێتی سنوورەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەزمی دیموکراتیکدا رێکدەخات. ئەم شتە بەروونی لەلایەن دێیوید هێلد و بیخو پاریخ و لەو وتارانەی کە لەلایەن جێفری ئاندروسەوە لە

Citizenship, Lawrence and Whishart, London, 1991.

ئێدیت و بڵاکراونەوە خراوەتە بەر باس. وێڕای دروستبوونی باسەکە ئەم وتارە بەرادەیەکی زۆر سەربەخۆیی فۆنکسیۆنی رێکخەرانەی هاوڵاتێتی لە پرۆسەی دیموکراتیکدا بە چاوپۆشی لەو کەموکورییانەی کە هەویەتی ئێتنیکیی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەسەپێنێ، گەورەدەکاتەوە. ئەم بابەتە لە بەشی دوایی ئەم وتارەدا دەخرێتە بەر باس. هەروەها بڕوانە:

Turner, B. S. (ed.) Citizenship and Social Theory, Sage, London, 1993.

بەتایبەتی وتارەکانی

Turner, Kalberg and Hindess

١٢- لەم بارەوە بڕوانە باس و گەشەپێدانی چەمکی حکومەتکردنی (governmentality) فۆکۆ لەلایەن

Graham Burchell in Burchell, B. et. al., op. cit. 1991.

١٣-کردەوەی کۆمەڵگای مەدەنی هەمیشە لەناو چوارچێوەی یەکگرتووی رێکخستنی یاسایی دەوڵەتدایە و ئەمەش بەروونی ئەفسانەی سەربەخۆیی

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگای مەدەنی کە لەلایەن هۆگرانی بەگوڕوتینی هاوچەرخەوە بە بەربڵاوی بانگەشەی بۆ دەکری، بەرپەرچ دەداتەوە. ئەم خاڵە لەلایەن ئالتۆسیرەوە لە وتارێکی کورت بەڵام بە بڕشتی رەخنەیی لەسەر چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیی گرامشی خراوەتە بەرباس. چەمکی ئالتۆسیر لەمەڕ تەواوییەتی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی زاڵبوونی ئاستی ئابووری دامەزراوە، ئەو تووشی دەمارگیری و ئیفراتێکی تر دەکات کە بانگەشەیە بۆ تەواو وابەستەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بە پێوەندییەکانی چینایەتیی سەردەست کە بەستراوەتەوە بە کردەوەی مەرکەزییانەی پێوەندە چینایەتییەکان لە رێی دەوڵەتەوە. بڕوانە:

Althuser, L. Reading Capital, New Left Books London, 1970, p. 168.

Althuser, L. "Ideology and Ideological State Apparatuses", in Lenin and Philosophy, New Left Books, London, 1971.

هەواڵنامەی کتێب

١٤-چەمکی بەستێنی ئەویەرکردەوە (transactional domain) لە گراهام بورچێل وەرگیراوە؛ بڕوانە:

Burchell, op. cit. 1993.

١٥-ئەم بابەتە لە لایەن Barry Hindess لە باس و رەخنەی چەمکی حکومەتکردن و عەقڵی سیاسیی فوکۆ ناو تێ کراوە. بڕوانە:

Hindess op. cit. 1977 and op. cit. 1996.

١٦-بڕوانە: Hindess op. cit. 1997.

١٧-لەم بارەوە بڕوانە: Burchell op. cit. 1991.

١٨-هەمان سەرچاوە.

١٩-باسی کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتیک لە پاشماوەی ئەم وتارەدا تەنیا بۆ تورکیا و ئێران تەرخان دەکرێ و عێراق و سوریا لەخۆناگرێ. هۆی دەرهاویشتنی سوریا دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی پرۆسەی دیموکراتیک و کەمیی زانیاری لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگای مەدەنی لەم وڵاتەدا. لەهەمانکاتدا هەلومەرجی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق دوای شەڕی کەنداو لە ١٩٩١دا و تەرکیزی تەواوی هێزی سیاسی لەسەر دامودەزگای ئاسایش و داپڵۆسێنەرانەی دەوڵەت، هەر چەشنە باسێک لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراقدا بێ مانا دەکات. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتیک، هەلومەرجی ئێستای عێراق تەنیا بریتییە لە لوتکەی ئەو پرۆسەی کە لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دەستی پێکرد کە بە کردەوە بریتی بوو لە داخستنی کۆمەڵگای مەدەنی.

٢٠-ژمارەیەکی زۆر نووسراو و بڵاوکراوە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتیک لە تورکیادا لە ئارادایە کە پتر لەناو چوارچێوەی نۆرماتیڤی سیاسەتی یاسای بنچینەییدا ماوەتەوە و بۆیە بابەتگەلی غەیری یاسای بنچینەیی وەک هەویەتی کوردی و ئیسلامی لەخۆناگرێ. تەنیا چەند نووسەرێک ئەم چوارچێوە میتۆدۆلۆژیک و سیاسییە بەرتەسکەیان شکاندووە. بۆ نموونە بڕوانە:

Topark, B. "Civil Society in Turkey", and Gole, N.

"Authoritarian Secularism and Islamic Participation: The Case of Turkey", both in Norton, A, R, (ed.), Civil Society in the Middle East, 2 Vols. E. J. Brill, Leiden, 1994, 1995.

Ozbudun, E, "Civil Society and Democratic Consolidation in Turkey", and Koker, L. "National Democratic Experience", both in Ozdalga, E. and Person, S. (eds.), Civil Society and Democracy in the Muslim World, Swedish Research Institute, Istanbul, Vol, 7, 1997.

٢١- تۆپراک (op. cit. 1975) و گــــۆل (op. cit. 1995) نموونەن بۆ ناسینەوەی ئاڕادەیەکی ئەم بابەتە، بەڵام دابڕانی تەواو لە چوارچێوەی نۆرماتیڤی یاسای بنچینەیی ناگاتە ئاکامە لۆژیکییەکەی. کۆکەر (op. cit. 1997) لێکدانەوەیەکی رادیکالتر بەدەستەوە دەدات و بە ئاشکرایی خۆی لە چوارچێوەی بنەماکانی نۆرماتیڤی یاسای بنچینەیی دوور دەخاتەوە. بنەمای بۆچوونی رادیکالی ئەو لەسەر هەویەتی کوردی دەگەڕێتەوە سەر رەتکردنەوەی شێوەکانی کەمالیستیی گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەکردن لە تورکیای هاوچەرخدا.

٢٢-کۆمەڵگای مەدەنی (جامعەی مدنی) دروشمی چالاکیی خاتەمی بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ١٩٩٧دا. ئەم چەمکە بۆ مەبەستی حکومەتی یاسا کە هاومانای نەزمی دیموکراتیک بوو دەکار هات. بەمجۆرە کۆمەڵگای مەدەنی بوو بە بنەمای سەرەکیی پلاتفۆرمی ریفۆرمخواز کە پشتیوانیی چالاکانەی هەردوو بەشی ئایینی و سێکولاری جەماوەری بۆلای خۆی راکێشا. پلاتفۆرمی ریفۆرمخواز لەلایەن توندرەوە کۆنسێرڤاتیڤەکانی رژێمەوە کە بەرپەرچی گوتاری کۆمەڵگای مەدەنییان لەژێر ناوی وەلایەتیی

فەقیهەوە دەداوە، کەوتە بەر دژایەتی. کۆنسێرڤاتیڤەکان باسی ئەویان دەکرد کە وەلایەتی فەقیە نوێنەرایەتیی مەشروعیەتی شۆڕشگێڕانە و تایبەتمەندیی کۆماری ئیسلامی دەکات. باسی کۆمەڵگای مەدەنی و نەزمی دیموکراتیک بە دوای سەرکەوتنی خاتەمی بەگوڕ و تینێکی زۆرتر بەردەوام بووە. بەردەوامی ئەم باسە نیشاندەری درێژەی بەربەرەکانیی سیاسییە لە نێوان ریفۆرمخوازەکان و توندڕەوە کۆنسێرڤاتیڤەکان کە ئێستا بە ئاشکرایی لە دەوری دەسەڵاتی دەوڵەتدا کۆبوونەتەوە. ئەو بەربەرەکانییە یان لە راستیدا باس لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی هێشتاش هەر لە چوارچێوەی پێناسە دژبەرەکانی ئیسلام و واتەکانی هاوپێوەندی مەشروعییەت و دەسەڵاتی سیاسیدا بەردەوامە. شتێک کە لەم باسانەدا وەک خاڵی سەرچاوە ماوەتەوە خومەینی و چەمکی ویلایەتی فەقیهی ئەوە. بۆ باس و خواستی ریفۆرمخوازیی ئیسلامی لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی و حکومەتی یاسا لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و قۆناغی دواتریش بڕوانە ژمارەکانی رۆژنامەی سلام و حەوتوونامەکانی جامعە، توس، کیان و نشاط. بۆ هەڵوێستی دژایەتیی کۆنسێرڤاتیڤی لەگەڵ پلاتفۆرمی ریفۆرمخواز بڕوانە: ژمارەکانی رسالت لە ژانویەی ۱۹۹۷را.

۲۳- کتێبی جامعەی مدنی و ایران امروز ( کۆمەڵگای مەدەنی و ئێرانی ئەمڕۆ)، تاران ۱۹۹۷ بریتییە لە کۆمەڵێک وتار بە قەڵەمی نووسەرانی ئایینی و سێکولار کە باسی جیاواز لە داکۆکیی کۆمەڵگای مەدەنی دەهێننە ئاراوە، بەتایبەتی بڕوانە وتاری عەبدولکەریمی سرووش بەنێوی "دین و جامعە" (ئایین و کۆمەڵگا). هەروەها بڕوانە ایران فردا، ژمارە تایبەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ژمارە(؟؟؟)، تاران ۱۹۹۷، و ایران نامە (ئێران نامە)



هەواڵنامەی کتێب

(گۆڤارێکی فارسیی لێکۆڵینەوەی ئێرانی)، ژمارەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای مەدەنی لە

Iran Nameh, Vol. XIII, no. 4, Fall 1995 and Vol. XIV, no. 1, Fall, 1996.

٢٤- بۆ نموونە بڕوانە وتاری حوسێن بەشیرییە لە جامعەی مدنی و ایران امروز (کۆمەڵگای مەدەنی و ئێرانی ئەمڕۆ) Op. cit. 1997 و وتارەکانی فەرهاد کازیمی و غولامرەزا ئەفخەمی لە ژمارە تایبەتییەکانی ایران نامە op. cit. 1996/1997.

٢٥- بۆ نموونە بڕوانە سروش (op. cit. 1977) و وتارە جیاوازەکانی خاتەمی پێش هەڵبژاردن و هەروەها دوای هەڵبژاردن کە لە ژمارەکانی رۆژنامەی سلام دا بڵاوبوونەتەوە. هەروەها بڕوانە وتاری کورت بەڵام سەرنجڕاکێشی هاشمی نەژاد لە جامعەی مدنی و ایران امروز (کۆمەڵگای مەدەنی و ئێرانی ئەمڕۆ) op. cit. 1977

٢٦- بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بە وردە ریشاڵ و تێروتەسەلی سیاسەتی ئامادەکردن و تەسویبکردنی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناوەڕۆکی سەرەڕۆیانە و دیموکراتیکی ئەم یاسایە بڕوانە بەرهەمی دوایی ئەسغەر شیرازی:

Asghar Schirazi, The Constitution of Iran, Politics and the State in the Islamic Republic, I. B. Tauris, London, 1997.

Abbas Vali

# The Kurds and Their 'Others': Fragmented Identity and Fragmented Politics

هەواڵنامەی کتێب

Kurdish Translation:
Nezend Begixani
Hashem Ahmadzadeh